تره‌مپ، ئێران به به‌رپرسیار ده‌زانێ له هێرشکردنه سه‌ر دوو که‌شتیی نه‌وت هه‌ڵگر

تا ژیان به‌رده‌وام بێ، خه‌بات به‌رده‌وامه

XEBAT

خه‌بات

ڕۆژنامه‌یه‌کی سیاسیی ڕۆژانه‌یه
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانه

ژماره (5768) یه‌ک شه‌مه 16ی حوزه‌یران 2019 «16» لاپه‌ڕه «500» دینار

سه‌رۆکی ئه‌مه‌ریکا، دۆنالد تره‌مپ ئێرانی به‌رپرسیار گرت له هێرشکردنه سه‌ر دوو که‌شتیی نه‌وت هه‌ڵگر له که‌نداوی عومان.

سه‌رۆکی ئه‌مه‌ریکا، دۆنالد تره‌مپ له‌میانی به‌شداریکردنی له پرۆگرامێکی کەناڵی Amerikan Fox News هه‌ڵسه‌نگاندنی بۆ په‌یوه‌ندییه‌کانی ئێران و ئه‌مه‌ریکا کرد و باسی له هێرشکردنه سه‌ر دوو که‌شتیی نه‌وت هه‌ڵگر له که‌نداوی عومان کرد. تره‌مپ له‌باره‌ی ئه‌م هێرشانه گوتی "ئێران ئه‌نجامی داوه. ئه‌مه ده‌زانین چونکه به‌له‌مه‌که‌ی ئێرانتان بینی". تره‌مپ هیواشی خواست که سزاکانی ئه‌مه‌ریکا بۆ سه‌ر ئێران، ئه‌و ووڵاته ناچار بکات بێته سه‌ر مێزی دانوستان.

هه‌روه‌ها به‌ریتانیا ڕایگه‌یاند، بڕوای وایه که ئێران له پشت کردنه ئامانجی دوو که‌شتی نه‌وت هه‌ڵگره له که‌نداوی عومان.



لای خۆیه‌وه وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیا، جێرمی هه‌نت له به‌یاننامه‌یه‌کدا ڕایگه‌یاند، باوه‌ڕمان وایه که سوپای پاسداران ئه‌و هێرشه‌ی ئه‌نجامداوه که کرایه سه‌ر دوو که‌شتیی نه‌وت هه‌ڵگر له که‌نداوی عومان.






سه‌رۆک بارزانی پێشوازی له جێگری وەزیری هاوکاریی ئابووریی و گەشەپێدانی ئەڵمانیا و شاندی یاوەری دەکات

سه‌رۆک بارزانی: پاڵپشتییه‌کانی ئه‌ڵمانیا له گۆڕینی باڵانسی مه‌یدانیی شه‌ڕی دژی داعش زۆر کاریگه‌ر بوو

دوێنێ شەممە 2019/6/15 له سه‌لاحه‌ddین سه‌رۆک مه‌سعود بارزانی پێشوازی له مارتین جه‌یگێر، جێگری وەزیری هاوکاریی ئابووریی و گەشەپێدانی ئەڵمانیا و شاندێکی یاوەری کرد.

له دیداره‌که‌دا سه‌رۆک بارزانی سوپاسی حکوومه‌ت و گه‌لی ئەڵمانیای کرد که له شه‌ڕی دژی تیرۆریستانی داعش هاوکار و یارمه‌تیده‌ری هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان بوونه و ڕایگه‌یاند، پاڵپشتییه‌کانی ئەڵمانیا له گۆڕینی باڵانسی مه‌یدانیی شه‌ڕی دژی داعش زۆر کاریگه‌ر بووه. هه‌ر له‌و دیداره‌دا جێگری وەزیری هاوکاریی ئابووریی و گەشەپێدانی ئەڵمانیا، خۆشحاڵی وڵاته‌که‌ی به باشتربوونی په‌یوه‌ندییه‌کانی نێوان هه‌ولێر و به‌غدا به سه‌رۆک بارزانی ڕاگه‌یاند.

په‌یوه‌ندییه‌کانی نێوان هه‌رێمی کوردستان و ئەڵمانیا و بارودۆخی سیاسی و دواپێشهاته‌کانی ناوچه‌که ته‌وه‌ری تری ئه‌و دیداره بوون.



مه‌سرور بارزانی: هه‌نگاوه‌کانی پێکهێنانی کابینه‌ی نۆیه‌م ده‌ستیان پێکردووه

ئێواره‌ی دوێنێ شەممە 2019/6/15 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینه‌ی نوێی حکوومه‌تی هەرێمی کوردستان پێشوازیی له ماسیۆ تولێر باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا له عێراق و شاندی یاوەری کرد. **(زیاتر له ل2 بخوێنەوە)**

سه‌رۆکی فه‌ڕه‌نسا پیرۆزبایی له سه‌رۆکی هه‌رێمی کوردستان ده‌کات

ئیمانوێل ماکرۆن: فه‌ڕه‌نسا و هه‌رێمی کوردستان له ڕێگای په‌یوه‌ندیی مێژووییه‌وه به‌یه‌که‌وه گرێدراون

له نامه‌یه‌کدا بۆ به‌ڕێز نێچیرڤان بارزانی سه‌رۆکی هەرێمی کوردستان، به‌ڕێز ئیمانوێل ماکرۆن سه‌رۆکی فه‌ڕه‌نسا پیرۆزبایی له به‌ڕێزیان کرد و هیوای سه‌رکه‌وتنی بۆ خواست له کار و ئه‌رکی نوێیدا، پشتگیریی فه‌ڕه‌نسایشی بۆ به‌ڕێزیان و هەرێمی کوردستان دووپات کرده‌وه. **(دەقی نامەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

سکرتێری گشتیی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان پیرۆزبایی له نێچیرڤان بارزانی ده‌کات

له نامه‌یه‌کدا بۆ به‌ڕێز نێچیرڤان بارزانی، سه‌رۆکی هەرێمی کوردستان، به‌ڕێز ئه‌نتۆنیۆ گوتێرس سکرتێری گشتیی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان به بۆنه‌ی هەڵبژاردنیانه‌وه به سه‌رۆکی هەرێم، پیرۆزبایی له به‌ڕێزیان کرد، **(دەقی نامەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

مه‌سرور بارزانی سه‌ردانی لایه‌نه سیاسییه به‌شداره‌کانی حکوومه‌ت ده‌کات

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەمە، به‌ڕێز مەسرور بارزانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری دەست بەسەردانیکردنی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەی نوێ دەکات، وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولی 2018، بە سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بەو هەنگاوە دەکات.

کشانه‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا له په‌یماننامه‌ی ANF

جیهان به‌ره‌و کوێ ده‌بات؟

سەرەتای مانگی فێبرایەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کشانەوەی خۆی لەو پەیماننامەیە ڕاگەیاند کە ساڵی 1987 سەبارەت بە موشەکە ئەتۆمیەکان لەگەڵ ڕووسیا مۆری کردبوو، بەمەش کۆتایی بە ڕێککەوتننامەیەک هێنا کە بۆ ماوەی 30 ساڵ هەردوولا پابەند بوون پێی. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



له پێشانگه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی هه‌ولێر، پێشانگه‌ی تایبه‌ت به کۆمپانیاکانی وڵاتی ئێران کۆتایی پێ هات که 180 کۆمپانیا به‌شداربیان تێدا کردبوو، له‌م پێشانگه‌یه جۆره‌ها که‌لوپه‌لیان تیایدا نمایشکرد



به‌دواداچوونێکی (خه‌بات) له‌سه‌ر تاقیکردنه‌وه وزاریيه‌کان

زۆرترین هه‌ڵه‌ی چاپ، پرسیاری ناڕوون، فره‌وه‌ڵام سیمای سه‌ره‌کیی تاقیکردنه‌وه‌کان بوو

تاقیکردنه‌وه گشتی و وزاریيه‌کانی پۆله‌کانی نۆ دوانزه‌ی ئامادەیی ئه‌مسالی خوێندن به‌ڕێوه چوون و ئه‌مسالیش وەک ساڵان تاقیکردنه‌وه‌کان که‌وتنه به‌ر لێشاوی دەنگۆی تۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و دەنگۆکانیش خۆی له هه‌ڵه‌ی پرسیارو دەقی ناڕوون و پرسیاری فره وەڵام و پرسیاری بێ وەڵام و خراپی له تایپی پرسیارو هه‌ڵه‌ی ئیملاو پرسیاری دەرەکیدا بینیوه‌ته‌وه. **(زیاتر له ل8 بخوێنەوە)**

ته‌عریب به شێوازێکی تر

سه‌لام عه‌بدوڵلا

ماوەیەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەرنامەیەکی داڕێژراو، زۆر دڕندانە تەنگ بە جوتیارانی کورد و دانیشتوانی سنووری ماددەی(140) هەڵدەچنرێ و هەوڵ دەدرێ کە کورد لە زێدی باب و باپیری خۆی ناچار بکرێ گوندەکانی بۆ عەرەبی هاورده، بەجێ بهێڵێ کە لەدوای شانزەی ئۆکتۆبەر زۆر بەخێرایی، بۆ تەعریبی یەکجارەکی ئەو ناوچانە، بەڕێوەدەچێت کە پارێزگاری بە بەوەکالەتی سەپێندراو لە کەرکووک ڕۆژانە سەرپەرشتی دەکات و زەمینەسازی بۆ دەکات و دەیەوێت بیخاتە قاڵبی یاساییەوە، گوایە ئەو عەرەبە هاوردانە ئەو زەوییانەیان لە زەمانی سەدامدا لەسەر تاپۆکراوە و دراوەتە ئەوان، ئەمەش پاساوێکی زۆر بێ مانا و دژ بە یاسایە، چونکە گەر بەو لۆژیکە بوایە دەبوو هەموو ئەو زەویانەی نازییەکان لەشەڕی دووەمی جیهانیدا داگیریان کردبوون ئێستا ئەڵمانیا داوای بکردنایەتەوە و بە موڵکی ئەڵمانی بزانییایە.

ئەو گۆڕینە دیمۆگرافییەی لە کەرکووک و دەوروبەریدا ڕوویدا لە زەمانی دیکتاتۆر سەدامدا مەبەستی جێگیرکردنی عەرەب بوو لەو ناوچانە، بەو هیوایەی، لەسەرزمێرێکدا بەیاسا ئەو ناوچانە بە موڵکی عەرەب لە قەڵەم بدرایە، بەڵام ڕژێمی سەدام فریای ئەو پیلانە نەکەوت کە ئێستا پارێزگاری بەوەکالەت سەپێندراوی کەرکووک و عەرەبە شۆڤێنییەکان ڕۆژانە لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی.

ئەو عەرەبە هاوردانە، پاش ڕووخانی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا، هەموو بەمەبەلەغی باش قەرەبوو کرانەوەو بەویستی خۆیان ئەو ناوچانەیان بەجێهێشت، چونکە ئەو ڕاستیەیان دەزانی کە ئەو ناوچانە خاکی ئەوان نییەو موڵکی، بە تاپۆی عوسمانی، هی کورده، بەڵام ئێستا کە تەرازووی هێز لەو ناوچانە دوای شانزەی ئۆکتۆبەر گۆڕاوە و پێشمەرگە لەو ناوچانە نەماوە جارێکی تر هەموو ئەوانە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ناوچانەو لەڕێی سوتاندنی عەمدی گەنم و خەڵەی جوتیارانی کورد، دەیانەوێ دانیشتوانی ئەو ناوچانە ناچاربکرێن کە بۆ عەرەبی هاوردەی بەجێبهێڵن و ئەم تاوانەش دەخەنە ملی داعش کە لەڕاستیدا ئەو کارە قێزەونە هەر خۆیانن نەک کەسی دیکە.

ئەم پیلانەش وەکو هەموو پیلانەکانی تر بۆ تەعریبی کەرکووک بەهیمەتی دڵسۆزان و پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلەکەمان لە گۆڕ دەنرێن، چونکە مادەیەکی دەستووری ئاشکرا هەیە کە مادەی(140) ڕێوشوێنی یاسایی بۆ دانراوە – هەرچەند تا ئەمڕۆ لەمپەری دەخرێتە بەردەم– بەڵام دەبێ هەر جێبەجێ بکرێ.



پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی شەهیدانی سێزدەی حوزەیران

رۆژی پێنج شەمە 2019/6/13 سەرۆک بارزانی لە بیست و پێنجەمین ساڵیادی شەهیدکردنی هەڤاڵ و هاوڕێکانی شەهید خالّە عەفان لە شاری سلێمانی پەیامێکی بلاوکردەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

ئەمڕۆ سێزدەی حوزەیران بیست و پێنجەمین ساڵیادی شەهیدکردنی هەڤاڵ و هاوڕێکانی شەهید خالّە عەفانە لە شاری سلێمانی. یادی شەهید خالّە عەفان و شەهیدانی سێزدەی حوزەیران هەمیشە بەرز بێت و هەرگیز لە یادیان ناکەین. هەزاران سلاّو لە گیانی پاکی شەهید خالّە عەفان و شەهیدانی سێزدەی حوزەیران و هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی.

مسعود بارزانی
13ی حوزەیرانی 2019

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی تازەی ئەمەریکا لە عێراق دەکات



دوێنێ شەمە 2019/6/15 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ماسیۆ تولیێر باڵیۆزی تازەی ئەمەریکا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە ستیڤ ڤیگن کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو، سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.


باڵیۆزی تازەی ئەمەریکایش پێزانینی هەبوو بۆ رۆڵی سەرۆک بارزانی لە بەدیهێنانی سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەهێزکردنی دۆستایەتیی نێوان کوردستان و ئەمەریکا. هەروەها هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی بۆ باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەرز نرخاند و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی وای بۆ دەچێ کە باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خزمەت بە بەرژەوەندیی هەردوولا و سەقامگیربی عێراق و ناوچەکە دەکات.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا باروودۆخی سیاسیی ناوچەکە و دوایین پێشهاتەکان و پێشڤەچوونی پرۆسەی سیاسیی هەرێم تاوتوێ کرا.

هەرەشەی هزری توندڕۆیی و تیرۆریستانی داعش و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و ڕیشەکێشکردنی، تەوەرێکی تری ئەم کۆبوونەوەیە بوو.

مەسرور بارزانی لەگەڵ شاندێکی ئەڵمانیای فیدراڵ هاوکاری و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان تاوتوێ دەکات

شاندی میوان: ئەڵمانیا پشتگیریی لە هەرێمی کوردستانێکی بەهێز دەکات



دوێنێ شەمە 2019/6/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە مارتین جەیگێر وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا، کە باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق و کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر ئامادەبوون، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا و دوا ڕەوش و پێشهاتەکانی دەڤەرەکە بەشێوەیەکی گشتی تاوتوێ کران.

مەسرور بارزانی وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی ئەڵمانیا لە پشتگیری و هاوکاریی هەرێمی کوردستان، جەختی لەسەر سەقامگیری و ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتەکانی دەڤەرەکە کرد و ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە هەمیشە خوازیارە لە چوارچێوەی دەستوور و دیالۆگی بنیاتنەرانە پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر بکرێن، چونکە ئاشتی و سەقامگیریی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

لەبەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا لەئاماژەیەکدا بۆ کاری داهاتوو، مەسرور بارزانی جەختی لە فرەچەشنکردنی ئابووری ناوخۆ و کەمکردنەوەی بەرۆکراسی لەبەرامبەر داواکاری هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان بەمەبەستی گەشەپێدان و زیادکردنی وەبەرهێنانی بیانی کردەوە.

لەلای خۆیەوە وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد بەبۆنەی بە فەرمی ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرک و بەرنامەی کابینەی داهاتوو بۆ خواست، هەروەها ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ هاوکاری و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە سەرجەم بوارەکان نیشاندا و جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی پشتگیریی لە هەرێمی کوردستانێکی بەهێز دەکات.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا کێشەی ئاوارە و پەنابەران و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە خرانە بەرباس، کە بەهۆی شەڕی تیرۆریستانی داعش تووشی زیان بوونە.



ئەیاد عەلاوی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی دەکات

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی هاوپەیمانیی وەتەنییە لە عێراق، بەبۆنەی هەڵبژاردنی مەسرور بارزانی، بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێک ئاراستە دەکات.

عەلاوی لە پەیامەکەیدا بە مەسرور بارزانی دەڵێ "پیرۆزباییت لێ دەکەم بەبۆنەی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنتان بە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان".

لە بەشێکی پەیامەکەی سەرۆکی هاوپەیمانیی وەتەنییە لە عێراق هاتووە "ئێمە متمانەمان پێت هەیە و هەروەها بە توانات بۆ ئەوەی هەنگاوی بەرەوپێشەوە بنێین لە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بەدی هاتوون، هەروەها هەوڵدان بۆ زیاتری خزمەتکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییە بااڵکان و یەکپارچەیی و سەلامەتیی گەلەکەی بە هەموو پێکهاتەکانی".

لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئەیاد عەلاوی بۆ مەسرور بارزانی نووسیویەتی "خوا سەرکەوتووت بکات و ڕێگەت پڕ خێر و بەرەکەت بێ و هەر بە ئازیزی بمێنی".

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی: هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دەستیان پێکردووە



ئێوارەی دوێنێ شەمە 2019/6/15 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ماسیۆ تولیێر باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد. لەم دیدارەدا، کە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەبوو، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و دوا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی دەڤەرەکە بەشێوەیەکی گشتی تاوتوێ کران.

پیرۆزبایی دەستبەکاربوون لە باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەلان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی دەڤەرەکە بڕوای بە ڕێگەچارەی ئاشتیانە و گفتوگۆ هەیە.

هەر لەو دیدارەدا تیشکخرایە سەر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، لەوبارەوە مەسرور بارزانی ئاماژەی بەوە کرد، کە هەنگاوەکان دەستیان پێکردووە و لە وادەی دیاریکراودا پێکهاتەی کابینە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان.

لەلای خۆیەوە باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد بەبۆنەی بە فەرمی ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرک و بەرنامەی کابینەی داهاتوو بۆ خواست، هەروەها ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ هاوکاری و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە سەرجەم بوارەکان نیشاندا.

عەبدوڵڵا موهتەدی پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات



عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات و ڕایدەگەیەنێت، هیواخوازین تەجرەبە و ئەزموونی خۆتان بۆ خزمەتی زیاتر بە کوردستان و گەشە و سەقامگیری هەرچی زیاتری ئەم بەشەی کوردستان بەکاربهێنیت. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا عەبدوڵڵا موهتەدی ڕایدەگەیەنێت، لەباروودۆخی هەستیاری ئێستادا دەخوازێت ڕۆحی تەبایی و یەکڕیزی بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا زاڵ بێت و دڵنیاشین جەنابتان هەر ئەو ئاراستەیە دەگرنەبەر و ئێمەش هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

دەقی پەیامەکە:

بەڕێز/ جەنابی کاک "مەسرور بارزانی" سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
وێڕای سلاوێکی گەرم

بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بەسەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەم.

هیواخوازین تەجرەبە و ئەزموونی خۆتان بۆ خزمەتی زیاتر بە کوردستان و گەشە و سەقامگیری هەرچی زیاتری ئەم بەشەی کوردستان بەکاربهێنیت. دەخوازێت لەباروودۆخی هەستیاری ئێستادا ڕۆحی تەبایی و یەکڕیزی بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا زاڵ بێت و دڵنیاشین جەنابتان هەر ئەو ئاراستەیە دەگرنەبەر و ئێمەش هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

عەبدوڵڵا موهتەدی
سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
14ی ژوەنی 2019ی زایینی
24ی جۆزەردانی 1398ی هەتاوی

عارف ڕۆشدی: مەسرور بارزانی پێش وادەی یاسایی دیاریکراو کابینەکەی پێکدەهێنێت



ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد، مەسرور بارزانی بە سەرۆکایەتیی شاندێک، سەردانی لایەنەکان دەکات.

عارف ڕۆشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاند: مەسرور بارزانی شاندێک پێکدەهێنێت کە زۆرتر ستافێکی حکوومەت دەبێت، سەردانی حزبەکان دەکات، یەکەم لایەن کە سەردانی بکات یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و دواتر بزووتنەوەی گۆڕان و لایەن و پێکهاتەکانە. ڕاوێژکارەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی داوای لە لایەنەکانیش کرد، ناوی کاندیدەکانیان ئامادە بکەن و ڕایگەیاند: ''هەر حزبێکیش کاندیدی بۆ پۆستەکان ئامادە نەبێت، کابینە حکوومییەکە دروست دەکرێت و شوێنەکانیان بە بەتاڵی دەمێنێتەوە تا خۆیان یەکلا بکەنەوە، بەڵام باوەڕ ناکەین گرفت لەو بارەوە هەبێت و پێش ماوەی دیاریکراوی خۆی، مەسرور بارزانی کابینەی نوێی حکوومەت پێکدەهێنێت .''

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی ئەڵمانی کۆدەبێتەوە

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان بە ڕێز و پێزانینەوە سەیری هاوکاریی وڵاتانی هاوپەیمانان و ئەڵمانیا دەکات



پاشنیوەڕۆی دوێنێ شەممە 2019/6/15 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز ماریتن جەیگێر جێگری وەزیری هاوکاریی ئابووری و گەشەپێدانی ئەڵمانیا و شاندێکی یاوەری کۆبوونەوە کە لە بەڕێزیان سیریل نان بالێوزی ئەڵمانیا لە عێراق پێکهاتبوو.

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز جەیگێر جەختی لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان کردەوە و پێشڤەچوونەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانیان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و پێشوازیکردن لە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەرانی دەستی تیرۆر بەرز نرخاند و ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ بەردەوامیی کاری هاوبەش و هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق لە جێگیرکردنی سەقامگیری لە دەڤەرە ئازادکراوەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، نیشان دا.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانەی کرد و دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە ڕێز و پێزانینەوە سەیری هاوکاریی وڵاتانی هاوپەیمانان و ئەڵمانیا دەکات کە لە ڕووی هاوکاریی سەربازی و مرۆییەوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، هەروەها ئاماژەی بەوەش دا کە پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا بەتایبەت لەگەڵ بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ئاستێکی باشدایە و هەوڵەکانیش بۆ هاوکاریی سەربازیی نێوان هەردوولا بەردەوامە بەمەبەستی سەقامگیرکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی داعش و لەمبارەیەوە هاوکاریی هاوپەیمانانی بە پێویست زانی.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز سیریل نان بالێوزی ئەڵمانیا لە عێراق کە کارەکانی لە عێراق کۆتاییهاتووە و بەمەبەستی مالئاوایی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردبوو، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە لەماوەی کارکردنیدا لە عێراق بینیویەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتووانە سەختی و قەیرانەکان تێپەڕێنێت و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت و دەستخۆشی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و هیوای خواست ئەوانەی کە ماوەن بە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ چارەسەر بکرێن. لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کار و ئەرکەکانی بەڕێزیانی بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کار و ئەرکی نوێیدا.

نێچیرڤان بارزانی و بالێوزی نوێی ئەمەریکا کۆبوونەوە



ئێوارەی دوێنێ شەممە 15/6/2019بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز ماسیو تولیتر بالێوزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، بەڕێز تولیتر وێڕای پیرۆزباییکردن لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، پالپشتیی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دووپات کردەوە و پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمەریکای بەرز نرخاند، هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بۆ هەنگاوەکانی باشتربوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا بەمەبەستی بەهێزکردنی هاوکاریی هاوبەشی نێوان هەرێم و عێراق دەربڕی.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕیفۆرمی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی کردەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

هەولێر ـ بەغدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێز تولیتر کرد بۆ وەرگرتنی پۆستی بالێوزی ئەمەریکا لە عێراق و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانیدا، هەموو هاوکارییەکی هەرێمی کوردستانیشی بۆ سەرخستنی کارەکانی نیشان دا، هەروەها سوپاسی هاوکارییەکانی ئەمەریکای لە کاتە سەختەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان و لێکنزیککردنەوەی هەولێر و بەغدا کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە هەنگاوەکان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا بەردەوامییان هەیە و جەختی لە هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمەریکا لە بواردکانی ڕیفۆرم لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی کردەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

سەرۆکی فەڕەنسا پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

ئیمانوێل ماکرۆن: فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پەیوەندیی مێژوویییەوە بەیەکەوە گرێدراون



لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کار و ئەرکی نوێیدا، پشتگیریی فەڕەنسایشی بۆ بەڕێزیان و هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

لە نامەکەیدا بۆ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک ماکرۆن نووسیویەتی:

ڕێزدار جەنابی سەرۆک،

دەمەوێت گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز بکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنتانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق و هیوای سەرکەوتنی تەواوتان بۆ دەخوازم لە بەجێگەیاندنی ئەم بەرپرسیاریەتییە گەورەیەدا.

دەستبەکاربوونتان قوناغێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ هەموو عێراق کە لە سەروبەندی سەقامگیرکردن و ئاشتەواییی کومەڵایەتی دان. دڵنیام ئەزموونی بەڕێزتان لە بەرپرسیاریەتییەکاندا و هەستی بەڕێزتان بۆ دەڵەتمەداری، یارمەتیدەر دەبن بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە نوێیەتان کە فەڕەنسا پشتگیریی تەواوی لێ دەکات.

فەڕەنسا و کوردستانی عێراق لە ڕێگای پەیوەندیی مێژوویییەوە بەیەکەوە گرێدراون و جەنگی هاوبەشی دژی داعش ئەم پەیوەندییانەی پتەوتر کرد. دەمەوێت بەتایبەتی سوپاسگوزاریی خۆم بە ئێوە ڕابگەیەنم بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی لەلایەن پێشمەرگەوە بەخشراون، هەروەها بۆ ئەو هەوڵە بێ وێنانەیەی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ پێشوازیکردن لەو ئاوارانەی لە دەستی بەربەرییەتی جیهادییەکان ڕایان کرد. ئێوە ئاگاداری پابەندیی ئێمەن سەبارەت بە ئاواتی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو، فیدرال و دیموکراتدا. بە ناوی ئەم پەیوەندییە تایبەتەوە بوو کە فەڕەنسا بەشداری کرد لە هاندانی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دروست بوون. ئەمڕۆ، ئێمە خۆشحاڵین بە قوواڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، هەروەها ئەو ڕێککەوتنانەی لە سایەی ئەم دینامیکییەتەوە کراون لە بەرژەوەندیی ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندنی هەموو عێراقدا.

سەرۆک ماکرۆن لە کۆتایی نامەکەیدا بۆ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی نووسیویەتی:

هیواخوازم بتوانین پەرەی زیاتر بە پەیوەندییەکانی نێوان فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بدەین، بەتایبەتیش لەو بوارانەی کە خەڵک لە یەکتری نزیک دەکەنەوە: لە بوارەکانی ئابووری، کولتووری، پەروەردەیی. ئێوە لەم چوارچێوەیەدا دەتوانن پشت بە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسی ببەستن.

تکا لە ئێوە دەکەم جەنابی سەرۆک کە بڕوا بە ستایشی بێپایانم بکەن.

ئەم نامەیەی سەرۆک ماکرۆن بۆ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/6/13 لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن بەڕێز دۆمینیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەڕەنساوە لە هەرێمی کوردستان، گەیەنرایە بەڕێزیان.

وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە نامەیەکی پیرۆزباییدا کە لە ڕێگەی بالێوزی ڤاتیکانەوە لە عێراق بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی نێردراوە، بە بۆنەی هەڵبژاردنیانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان پیرۆزبایی لە بەڕێزیان دەکات و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازێت.

لە نامەکەیدا بەڕێز کاردینال پیترۆ پارۆلین، وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان نووسیویەتی:

بە خۆشحاڵییەوە هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە دەستبەکاربوونتان وەک سەرۆک لە هەرێمی کوردستانی عێراق. داوا لە خودای گەورە دەکەم و ئومێدەوارم بە دانایی و تێگەیشتوویی و لێبووردەییتان لەو پۆستەدا، خودای گەورە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان و هەموو خەڵکی هەرێم لە بەرەکەتەکانی پڕبەش بکات.

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

دانایی و پڕئەزموونی و سەرکردایەتیتان زۆر بە بەها دەبن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی هەرێم ڕووبەڕوویان دەبێتەوە



لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز ئەنتۆنیۆ گۆتێرس سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی هەڵبژاردنیانەوە بە سەرۆکی هەرێم، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

جەنابی سەرۆک،

بەخۆشحاڵییەوە ئەوپەڕی پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنتانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق. بێگومانم دانایی و پڕئەزموونی و سەرکردایەتیتان زۆر بە بەها دەبن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی هەرێم ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

پێکهێنانی خێرای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی تۆکمەکردنی ئەو سەرکەوتنانەی لە دوای سەرکەوتن بەسەر داعشدا لە مەیدانی جەنگ بەدەست هاتوون کە تەنیا بەهۆی خۆبەختکردنی هاووڵاتیانی چاونەترسی عێراقەوە بوو لە هەموو پێکهاتەکان. سەرەڕای ئەمانە، دۆخی دوای داعش، هەڵێکی میژوویی هێناوەتە کایەوە بۆ دووبارە نوێکردنەوەی دیالۆگ بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا لە چوارچێوەی دەستووردا و بۆ زیاتر بنیادنان لەسەر ئەو هەوڵە هاوبەشانەی دوای پەسندکردنی یاسای بودجەی فیدرالیی ساڵی2019 خراونەتە گەڕ. لە داهاتوودا، نەتەوە یەکگرتوەکان بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەسەر چەندین دۆسیە لە هەرێمی کوردستان بە پێی ئەرکەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق.

لەگەڵ گەرمترین ڕێز و سڵاو.

ئەنتۆنیۆ گۆتێرس

2019/6/11

کەمال کلچدارئۆغلۆ پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/6/13 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز کەمال کلچدارئۆغلۆ سەرۆکی گشتیی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، بەبۆنەی هەڵبژاردنیان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

بەڕێزیان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، هیوای خواست لە سەردانی داهاتووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیدا بۆ تورکیا لەگەڵ بەڕێزیان کۆبنەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزبایی بەڕێز کەمال کلچدارئۆغلۆی کرد و داکۆکی لە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کردەوە و پێی ڕاگەیاند کە خۆشحاڵ دەبێت لە سەردانی داهاتوویدا بۆ تورکیا چاوی بە بەڕێزیان بکەوێت.



پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانی سکرتێری گشتیی YNDK بۆ بەڕێز مەسرور بارزانی

بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سلاوێکی برایانەی گەرم...

هەڵبژاردنی جەنابتان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و راسپاردنتان لەیەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مایەی خۆشحاڵیمانە، بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK بەگەرمی پیرۆزبایتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنان بۆ دەخوازین.

بێگومانین کەوا کەسایەتی و لێهاتوویی جەنابتان لەو پێگەیەدا دەتوانێ پرۆسەی سیاسی و حوکمداری لە کوردستان زیاتر پێشبخات، ئومێدمان زۆرە کەوا جەنابتان بتوانن باشووری کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەوە زیاتر گەشەپێبدەن و پێشبخەن، لەهەمان کاتدا چاومان لەوەیە کەوا بتوانن دەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر سیستماتیک بیکەن بە حکوومەتی هەموو کوردستانیان و، دەرگاتان کراوە بێت بۆ گوێگرتن و ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و شارەزایان بۆ چۆنیەتی پێشخستنی سیستمی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە دێنە پێشەوە و کاریگەریان بۆ سەر پرۆسەی سیاسی کوردستان دەبێت، لەم پێناوەدا بۆ سەرخستنی کارەکانتان و بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان، ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK تەواوی پشتیوانی خۆمان بۆ جەنابتان ڕادەگەنین و ئەوەی لە تواناماندا بێت هاوکارتان دەبین.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا.

هەر بژین و سەرکەوتووبن بۆ کورد و کوردستان.

بڕاتان/ غەفوور مەخموری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
2019/6/12

بە ئامادەبوونی هێمن هەورامی

کۆنفرانسێک سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان بەڕێوەچوو



هێمن هەورامی، جەخت لەسەر بەردەوامیی کارکردنی پێکەوەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی مافە پێکهاتەکان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا دەکاتەوە. ڕۆژی پێنجشەمە2019/6/13 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بانگهێشتی زانکۆی ئەمەریکی لە شاری دهۆک بەشداریی لە کۆنفرانسی هاوبەشی دامەزراوەی ئۆپن دیالۆگ و کۆنراد ئایدنهاوەر شتیفتۆنگی ئەڵمانی و زانکۆی ئەمەریکی، سەبارەت بەڕپرسی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان کرد. لە کۆنفرانسەکەدا کە ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوون، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، گوتاری سەرەکیی کۆنفرانسەکەی پێشکەشکرد و تیایدا تیرۆانینی پەرلەمانی کوردستانی لەڕووی یاساییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارە کریستیانەکان و ئێزدییەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان و هەروەها چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە جیاوازەکان لەسەر بەرژەوەندیی گشتی هاووڵاتیان و پاراستنی مافەکانیان و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان و پتەوکردنی بنەماکانی ژیانی هاوبەش و ئاشتی و هاوژیانی نێوان پێکهاتەکان و ئاراوە. گوتیشی: دەبێت ڕەتکردنەوەی جیاکاری بەشێکی گرنگی فەلسەفەی حوکمڕانی و سیاسات و بەڕێوەبردنی وڵات بێت و بیروڕای تووندوتیژی و ڕق و کینە بەرامبەر بەم پێکهاتانە قەدەغە بکرێت و هەنگاوی جدیشی بۆ بگیرێتەبەر و ڕێگە بەگۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەکانیان نەدرێت. هەر لە وتەکەیدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لەو فەرهەنگە قوڵەی کرد کە لەناو گەلی کوردستاندا هەیە بۆ فەرەیی و پێکەوەژیان، ئەوەی کەپێی دەڵێن فەرە کولتووری و فەرەئاینی و فەرە نەتەوەیی، هەروەها باسی لەو سەقامگیری و ئارامی و پەرەسەندن و گەشەسەندنە کرد کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە وای کردووە کوردستان ببێتە فاکتەری لە خۆگرتنی پێکهاتەکان.

سەبارەت بە پرسی گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: بەداخەوە ئێستا ئەو ناوچانەی کە لە دەست داعش ڕزگارکراون، هێشتا ژینگەیەکی لەبار نییە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دەسەلاتە ئەمنییانەی کە لەو ناوچانە هەن دەسەلاتێکی وا نین کە گوزارشت لە پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بکات، بۆیە دەبینین تا ئێستا مادەی 140 جێبەجێ نەکراوە، ئیدارەی هاوبەش لەو ناوچانە نییە، ئەو هێزە سەربازییانەی لەوێ هەن نەیانتوانیوە دوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە لە داعش سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانە بگێڕنەوە، بۆیە دەبینین داعش سەرهەڵدەداتەوە، ئەمەش ژینگەیەک دروست دەکات کە هاندەر نییە بۆئەوەی ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە.



شاندێکی پارتی بەشداری کۆنفرانسی کۆمەڵە کوردییەکانی ڕووسیا دەکات

لەسەر بانگهێشتی فەرمی فیدراسیۆنی کومەڵە کوردییەکانی بەرپرسی دیسکی ئۆراسیا هەڤاڵ عەبدولسەلام ئیبراهیم بە نوێنەرایەتی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بەشداری لە سێیەمین کونفرانسی ساڵانەی فیدراسیۆنی کومەڵە کوردییەکانی ڕۆسیای فیدراڵ و وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو کە لە 6/9 حوزەیران 2019 بە بەشداری ژمارەیەک لە نوێنەرانی کومەڵە کوردییەکانی وڵاتانی ئەڵمانیا، هۆڵەندا و بەلجیکا و ژمارەیەک میوانی ڕووسی لە شاری سانت پیتەسبۆر ی ڕووسیای فیدراڵ بەڕێوەچوو.

سەرەتا سەرۆکی فیدراسیۆن پرۆفیسۆر کنیاز ئیبراهیم وێڕای خۆشحاڵی خۆی بو بەشداری ئامادەبووان بەخێرهاتنی میوانان و هەموو لایەک کرد و ئومێدی بەردەوامی و بەرەوپێشچوون و چڕکردنی کاروچالاکییەکانی ئەم فیدراسیۆنەی خواست. دواتر نوێنەری پارتیمان گوتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا ئاماژەی بە پەیوەندی میژوویی گەلی کورد و ڕووسیای فیدراڵ کرد، هەڵوێستی ئەرێنی ڕووسیای فیدراڵ دەربارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و پشتگیری حکوومەت و گەلی ڕووسیا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و ڕۆڵی گرنگی میدیای ڕووسی لە ڕووماڵکردنی شەڕی پێشمەرگەی کوردستان دژ بە تیرۆریستان، هەروەها تیایدا باس لە گرنگی دیاسپۆرای کوردی کرا لە ڕووسیا و وڵاتانی سۆڤیەت کە سەرەڕای نەهامەتییەکانیان توانیویانە زمان و کولتوور و گیانی کوردایەتی خۆیان بپارێزن و ئەمڕۆ بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە هەرێمی کوردستان و سیاسەتەکانی نەتەوەیی سەرۆک بارزانی دەکەن و هەموو سیاسەتە چەوتەکانی هەندێ لایەن ڕەتدەکەنەوە و ئومێدی سەرکەوتنیان بو خواستن لە کار و ئەرکەکانیان و پاڵپشتی پارتیمانی دووپاتکردەوە لە هەر هاوکاری و پشتگیریەکی پێویست بۆ ڕێکخستن و بەستنەوەی ئەم کومەڵە و فیدراسیۆنانە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش بە دروستکردنی ئوفیسێکی تایبەت بە دیاسپۆرای کوردی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سوودوەرگرتن لە توانا و پەیوەندییەکانی دیاسپورای کوردی لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان.

بنکەکە ژمارەیەک ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمەریکیی لێیە

بە هاوەن هێرشکرایە سەر گەورەترین بنکەی سەربازیی ئاسمانیی عێراق

بە هاوەن هێرشکرایە سەر گەورەترین بنکەی سەربازیی ئاسمانیی عێراق لە دەکەوێتە پارێزگای سەلاحەدین. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە شەوی شەممە سێ گوللە هاوەن لە بنکەی ئاسمانیی بەلەد لە پارێزگای سەلاحەدین کەوتوونەتە خوارەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە لەو شوێنانەی کە گوللە هاوەنەکان کەوتوونەتە خوارەوە ئاگر کەوتووەتەوە و هێرشە هیچ قوربانییەک یان زیانێکی مادیی لێنەکەوتووەتەوە. هاوکات لە هەواڵێکی کەناڵی ئەلحورە کە ناوەندەکەی لە ئەمەریکایە و بە زمانی عەرەبی پەخش دەکات، ئاماژە بەوەکراوە ئەو بنکە سەربازییە ئاسمانییەی هێرشەکەی بۆ ئەنجامدراوە، ژمارەیەک ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمەریکیی لێیە.

جێی باسە بنکەی سەربازیی ئاسمانیی بەلەد کە گەورەترین بنکەی ئاسمانییە لە عێراق دەکەوێتە دووریی 64 کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە.

حکوومەتی هەرێم هێرشەکەی سەر فڕۆکەخانەی ئەبهای ئیدانە دەکات

ڕۆژی پێنج شەممە 2019/6/13 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا هێرشە موشەکییەکەی سەر فڕۆکەخانەی ئەبهای لە سعوودیە ئیدانە کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە تونديی ئیدانەی ئەو هێرشە موشەکییە دەکەین کە دوێنێ چوارشەممە 2019/6/12 کرایە سەر فڕۆکەخانەی ئەبها لە شانشینی سعوودیە و لە ئەنجامدا بیست و شەش کەسی سڤیل بریندار بوون و زیانی گەورەش بەر فڕۆکەخانەکە کەوت.

هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازین.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/6/13

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە: ئیستانبوڵ هی ئێمەیە و ڕادەستی کەسی ناکەین

گەلی کورد 23ی حوزەیران دەچێتە سەر سندوقەکان و دەنگ بە هێزە دیموکراتییەکان دەدات

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، پەروین بولدان، ڕایگەیاند، گەلی کورد لە پێناو لێپرسینەوە لەو کارانەی ئەنجام دراون لە 23ی حوزەیران دەچێتە سەر سندوقەکان و دەنگ بە هێزە دیموکراتییەکان دەدات.

لە میانی بەشداریکردن لە ڕێورەسمی هاوپەیمانی دیموکراتی ناوچەی یەکی هەدەپە کە لە هۆڵی ئاهەنگی هاوسەرگیری پرێنسس کە لە ناوچەی ئومرانییەی شاری ئیستانبوڵ ئەنجام درا، هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، پەروین بولدان داوای ئازادکردنی پەرلەمانتارە دەستبەسەرکراوەنیانی کرد و بڕیاری دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکانی تورکیایشی بۆ ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستانبوڵ بە "داپڵۆسینی ماف" لەقەڵەم دا و گوتی: وەک دەزانن لە 31ی ئادار گەلانی تورکیا شارەوانی ئیستانبوڵیان بردەوە. وەک وەڵامێک بۆ ئەو کارە نایاساییەی لە هەڵبژاردنی شارەوانی گەورە شاری ئیستانبوڵ ئەنجام درا بۆ 23ی حوزەیران هاوپەیمانی دیموکراتیمان پێکهێنا. لەم ڕێکەوتە ستەملێکراوان بەرامبەر ستەمکاران دەوەستنەوە. ئیستانبوڵ هی ئێمەیە و ڕادەستی کەسی ناکەین. ئیستانبوڵ هی کوردان و ژنان و گەلانی تورکیایە، بەڵام نابێتە هی ئاکەپە و ئەم شارەوانییە نادەین بە ئەو. ئیدی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ زۆر زۆر لەوە دەرچوون کە مەلمانێتی نێوان ئەکرەم ئیمامۆغلۆ و بینالی یلدرم بن.

بولدان جەختی لەوەش کردەوە کە بەکارهێنانی هەر دەنگێک ئێجگار گرنگە و گوتی: گەلی کورد لە پێناو لێپرسینەوە لەو کارانەی ئەنجام دراون لە 23ی حوزەیران دەچێتە سەر سندوقەکان و دەنگ بە هێزە دیموکراتییەکان دەدات. بۆ ئەوەی ئاکەپە بیدۆڕێنێ کاندیدی هێزە دیموکراتییەکان لە ئیستانبوڵ کێ بێت، دەنگ بەو دەدات.



کشانەوەی ئەمەریکا لە پەیماننامەی ANF

جیهان بەرەو کوێ دەبات؟

تۆنی بلینکن:

شتێکی گونجاوە کە ئێمە ڕووبەڕووی ڕووسیا ببینەوە لەبەر ئەوەی ڕووسیا بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی پێشێل کردووە، بەڵام هەڵەکە لەوەدایە کە وەک کاردانەوەیەک ئێمە لە تەواوی ڕێککەوتنەکە بکشێینەوە

ئا: هەندرێن شێرزاد

سەرەتای مانگی فێبرایەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کشانەوەی خۆی لەو پەیماننامەیە ڕاگەیاند کە ساڵی 1987 سەبارەت بە موشەکە ئەتۆمیەکان لەگەڵ ڕووسیا مۆری کردبوو، بەمەش کۆتایی بە ڕێککەوتننامەیەک هێنا کە بۆ ماوەی 30 ساڵ هەردوولا پابەند بوون پێی. ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا جگە لەوەی لەسەر ئاستی جیهاندا ترس و نیگەرانیەکی گەورەی لێ کەوتەوە ، هاوکات بووە مایەی وروژاندنی ژمارەیەک پرسیاریش، لەوانە: ئایا ئەم هەنگاوە جیهان بەکوێ دەگەیەنێ؟ ئەم دوو زلهێزە بەنیازی چین؟ ئەمەریکا لەبەرچی لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە؟ ئایا ئەمە سەرەتای شەڕێکی ساردی دیکە و ململانێیەکی تری خۆپرچەککردنی بەدوادا نایەت؟

شتێک لەبارەی ڕێککەوتنی ANF

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ساڵی 1987 لەنێوان ڕۆنالد ریگنی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا و میخائیل گۆرباچۆڤی سەرۆکی ئەوکاتەی سۆڤیەت مۆرکرا. بە گوێرەی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەیان وەک خۆی لە ساڵی 1988 کەوتە بواری جێبەجێکردن.

دیارییەک بۆ پوتن

تۆنی بلینکنی بەرپرسی پێشوو لە کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە کشانەوەی واشنتۆن لە پەیماننامەکە وەک دیاریەک وایە کە پێشکەشی پوتن کرابێ، ئەو وتی: سەیر لەوەدایە ، ئەنجامدانی کارێکی لەم جۆرە ڕاستە، بەڵام بە شێوەیەکی هەڵە جێبەجێ کرا، شتێکی ئەمە بێتە هۆی دوورخستنەوەمان لە هاوپەیمانەکانمان و هانمان دەدات ڕوو بکەینە پێشبڕکێی خۆپچەککردن.

ئەگەرەکانی پەشیمانبوونەوە

ڕێککەوتنی ANF ماوەی6 مانگی دیار کردووە بۆ پەشیمانبوونەوەی ئەو لایەنەی دەخوازێ لێی بچێتە دەرەوە، لەو ماوەیەدا ئەمەریکا دەتوانێ لە بڕیاری بەتەواوی لەناوبرد .پەنتاگۆنیش خۆی لە سیستمی بیرشینگ و تۆماهۆک ڕزگار کرد . دواتر ئەمەریکا و سۆڤیەت گونجاوە کە ئێمە ڕووبەڕووی ڕووسیا ببینەوە لەبەر ئەوەی ڕووسیا بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی پێشێل کردووە، بەڵام هەڵەکە لەوەدایە کە وەک کاردانەوەیەک ئێمە لە تەواوی ڕێککەوتنەکە بکشێینەوە، چاوەڕێش دەکرێ کشانەوە پاشگەز ببێتەوە، ئەگینا نەمانی ئەم پەیماننامەیە دەرەنجامی نەخوازراو بەدوای خۆیدا دێنێ. دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی کشانەوەی ئەمەریکاش، سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە ئەمەریکا خەون بە تەنیا تاکە زلهێزی جیهانە.

چی دوای کشانەوە؟

کشانەوەی ئەمەریکا لەو پەیماننامەیە ئەم پرسیارەی سەرەوە دەوروژێنێ. ئەو ڕێککەوتنە بوە مایەی لەناوبردنی نەوەیەکی تەواوی ئەو موشەکانەی کە500 تا 5000 کیلۆمەتر دەبڕن، هاوکات سنووریکی بۆ تەنگژەیەک دانا کە لە دەبینێ ئەگەر پێی وابێ خۆی

ڕووسەکان سیاسەتی تووندتر دەگرنە بەر، بەڵکو دووڕ نییە هەڕەشە لە وڵاتانی ئەورووپا بکەن و لە ڕێگەی چەکی ئەتۆمیشەوە هەمان سیاسەت بەرانبەر ئەمەریکا پیادە بکەن





مەترسیی چین

واشنتۆن کە ئۆبالّی کشانەوەکی لەو ڕێککەوتنە دەخاتە ئەستۆی ڕووسیا و بە پێشێلکردنی خاڵەکانی تۆمەتباری دەکات، باس لە ئامانجێکی دیکەی بڕیارەکەی دەکات ئەویش گەیشتنیەتی بە قۆناغێکی نوێی ململانێی ستراتیژیی لەگەڵ چین لە ئۆقیانووسی هێمن و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. واشنتۆن پێی وایە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەری هەڵدا، دوای ئەوەی سۆڤیەت ژمارەیەک موشەکی ئێس ئێس 20ی ئەتۆمی بەرەوڕووی چەند پایتەختێکی ئەورووپای ڕۆژئاوا جێگیر کرد. ئەگەرچیش کشانەوەی هەردوولا لە ڕێککەواتنەکە مەرج نیە ببێتە مایەی بەڕابوونی جەنگێکی ئەتۆمی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵام هەنگاوێکی مەترسیداریشە و دوور نیە واشنتۆن و مۆسکۆ پەلە بکەن لە پەردان بە چەکە ئەتۆمییەکان.

واشنتۆن کشانەوەکەی لەو ڕێککەوتنە دەخاتە ئەستۆی ڕووسیا و بە پێشێلکردنی خاڵەکانی تۆمەتباری دەکات

ئەو چینەی واژۆی لەسەر ڕێککەوتنەکە نەکردووە ، سەرقاڵی پێشخستنی توانا موشەکییەکانە، ئەمەش بێگومان دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆی و بۆ سەر هێزەکانی لە ئۆقیانوسی هێمن و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

کاردانەوەکان

شارەزایان هۆشداری دەدەن لەوەی بڕیاری کشانەوەی ئەمەریکا لەم ڕێککەوتنە کاردانەوەی زۆری لێ دەکەوێتەوە ، بە جۆرێک دوور نیە ڕووسیا وەڵامی توندی هەبێ، وەک دیاریشە مۆسکۆ بە نیازی خولقاندنی گوشار و هەڕەشەی سەربازیی نوێیە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی ئەوانەی پێگەی سەربازیی ئەمەریکیان تیادا هەیە، ئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی هێنانەدی ناسەقامگیری لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی. گومانیش نیە لەوەی کە ڕووسەکان سیاسەتی تووندتر دەگرنە بەر، بەڵکو دوور نییە هەڕەشە لە وڵاتانی ئەورووپا بکەن و لە ڕێگەی چەکی ئەتۆمیشەوە هەمان سیاسەت بەرانبەر ئەمەریکا پیادە بکەن.

بیانوو و مەترسییەکان

وێڕای ئەو بیانوانەی ئەمەریکا بەرامبەر بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنەک دەیانهێنێتەوە، بەڵام کێشەکە کاردانەوە و دەرەنجامی درێژخایەن و ستراتیژیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو دوور نیە ئەمە ببێتە مایەی دووبارە دروستبوونی سیستمێکی ئەمنی نوێ بۆ جیهان، کاردانەوەکانیش تەنیا پەیوەست نابن بە ئەمەریکا و ڕووسیا ، بەڵکو ئەورووپا و جیهانیش دەگرنەوە. لێرە بەدواوە ئاسایشی ئەورووپا دەکەوێتە ژێر پرسیار و گومانەوە، چونکە جارێکی دیکە موشەکی ئەمەریکا لە چەند وڵاتێکی وەک ڕۆمانیا و پۆڵەندا دەردەکەونەوە.

لە لایەکی دیکە، شارەزایان سەبارەت بە سۆڤیەتی کۆن و ڕووسیای ئێستا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، گرووپێک پێیان وایە یەکێک لە هۆکارەکانی کەوتنی سۆڤیەت ئەو بودجە گەورەیە بوو کە بۆ پڕۆژەکانی خۆپچەککردن تەرخان دەکرا، بەشەکەی تریش باس لەوە دەکەن کە جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان سۆڤیەت و ڕووسیای ئێستادا هەیە، چونکە ڕووسیا خەریکی بونیادنانی سیستمێکی سەرمایەداریە ، ئەمەش ڕووسیای کردووە بە بازارێک بۆ چەک، بازارێک کە بۆتە سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بۆی.

وەزیرێکی ئیسرائیل بۆ ئەمەریکاو ناتۆ: متمانە بە تورکیا مەکەن

ئەندامی لیژنەی ئاسایش و وەزیری ژینگەی ئیسرائیل، زیڤ ئەلکین باسی لە کڕینی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی S-400 لە لایەن تورکیا لە ڕووسیا کرد و بانگهێشتی ئەمەریکا و ناتۆی کرد کە "متمانە بە تورکیا نەکەن کە هەوڵی دەسخستنی چەکی پێشکەوتوو دەدات". وەزیری ژینگەی ئیسرائیل، ئەلکین لە مەیانی بەشدایکردنی لە پرۆگرامێکی ڕادیۆیی لە شاری تەلئەبیب، پشتیوانی خۆی بۆ بڕیاری ڕاگرتنی مەشقی فڕۆکەوانە تورکەکانی فڕۆکەی جۆری-F 35 دەربڕی.

ئەلکین تیشکی خستەسەر ئەوەی کە تورکیا هەوڵی بەدەستخستنی چەکی پێشکەوتوو دەدات و گوتیشی: نابێ ناتۆ و ئەمەریکا بە چاوی داخراوەوە متمانە بە تورکیایەک بکەن کە هەوڵی بەدەستخستنی چەکی پێشکەوتوو دەدات. ئەلکین بانگەشەی ئەوەشی کرد کە ئێستر ئاراستەی ستراتیژی تورکیا، ئەورووپا نییە و پرسی بە ئەندامێتی تورکیاش لە ناتۆ هیچ مانایەکی نەماوە. گوتیشی: ئێستر ئاراستەی ستراتیژی تورکیا ، ئەورووپا نییە ، سەرەڕای بوونی بە ئەندام لە ناتۆ، ئێستر ئەندامێتی لە ناتۆدا نەماوە. ئاراستەی ستراتیژی تورکیا بریتییە لە دروستکردنی پێگەیەک لە جیهانی ئیسلامی وەک وڵاتێکی موسڵمان بە سیاسەتێکی سەربەخۆ.

حەسەن ڕوحانی: ئێران بە تەنها ناتوانێت درێژە بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بدات

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی هەڕەشەی کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کرد و ڕایگەیاند، ڕوونە کە ئێران ناتوانێت بە تەنها درێژە بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بدات، پێویستە وڵاتانی دیکە ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستنی ئەم ڕێککەوتننە گرنگە. لە پەراوێزی پێنجەمین لووتکەی سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی وڵاتان لە کۆنفرانسی هاریکاریی و ئەو ڕێکارانەی دەبنە هۆی زیادبوونی متمانە لە ئاسیا (CICA) کە لە شاری دووشەنبە پایتەختی تاجیکستان بەڕێوەچوو، حەسەن ڕوحانی گوتارێکی پێشکەش کرد. سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی گوتی: پێویستە وڵاتانی دیکەش لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمییدا هەنگاوی ئەرێنی بهاوێژن کە ببێتە مایەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان، ئەگەر نا ئەوا ڕوونە نێتمەش ناتوانین درێژە بە ڕێککەوتنەکە بدەین. هەر لەوبارەیەوە حەسەن ڕوحانی بە ئاماژەدان بەوەی ئێران بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەییە گوتی: لە ماوەکانی ڕابردوودا، هەندێک لە پابەندبوونەکانمان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەڵپەساردووە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە ڕێککەوتنەکەدا بەدی بێت و لەم هەلومەرجەدا پێویستە وڵاتانی دیکەش ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستنی ئەم ڕێککەوتننە گرنگە. لە کۆتاییدا، سەرکۆماری ئێران تیشکی سەر ڕەوشی ناوچەکە و گوتی: بەهۆی تیرۆر و تونددڕەویی، ناوچەکە ڕووبەڕووی نا سەقامگیری بووەتەوە.

سەرۆک کۆماری فەڕەنسا داوای ڕاگرتنی «کردە نایاساییەکان» لە ئەردۆغان دەکات



سەرۆک کۆماری فەرەنسا داوای ڕاگرتنی «کردە نایاساییەکان» لە سەرۆک کۆماری تورکیا دەکات. ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی باشووری یەکێتیی ئەورووپا لە مالّتا، ڕایگەیاندووە، لە بابەتی گازی سروشتیی قوبرسی یۆنانیدا، ئەورووپا بێ هەڵوێست نابێت. ئیمانوێل ماکرۆن هەروەها داوای لە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا کردووە ''کردە نایاساییەکان''ی وڵاتەکەی لە ئاوەکانی قوبرسی یۆنانی، بوەستێنێت.

مەبەستی سەرۆکی فەرەنسا لە کردە نایاساییەکان، بەدواداگەڕانی تورکیایە لە گازی سروشتی لە ئاوەکانی دوورگەی قوبرس "قوبرسی یۆنانی" ، کە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپایە، پێی وایە ئەو شوێنانەی تورکیا تێیاندا بەدوای گازی سروشتیدا دەگەڕێت، مولکی قوبرسی یۆنانین. جێی باسە لە ساڵی 1974 تورکیا دەستی بەسەر بەشێکی دوورگەی قوبرسدا گرت داگیری کرد و لە ساڵی 1983 دەوڵەتێکی بەناوی کۆماری باکووری قوبرسی تورکی دامەزراند، کە تەنیا ئەنکەرە دانی پەو دەوڵەتەدا ناوە.

وەزیری پەروەردە: کۆلیژی بنەڕەتیی ئێواران دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ئەو مامۆستایانەی نەیانتوانیبوو خوێندنی زانکۆیی تەواوبکەن



ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی 2019/6/13 د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی چەندین بەرپرسی حکومی و حزبی، مەراسیمێکی ڕێزلێنان لە سەنتەری ڕۆشنبیریی هۆڵی کۆچەر بیرکار ساز کرا بۆ ئەو بەرێزانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە کردنەوە و پاڵپشتیکردنی پرۆسەی خوێندنی مامۆستایان لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران.

سەرەتا دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە وتەیەکدا ئاماژەی بە ئامانجی ڕێکخستنی مەراسیمی ڕێزلێنانەکە کرد و گوتی: ئەوەی دەیکەین سوپاسگوزارییە بۆ ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆڵیان هەبووە لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی خوێندنی مامۆستایان.

پاشان دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە دوای بەخێرهێنانی میوانان، لە وتارێکدا و گوتی زۆر پێخۆشحاڵم ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەی بەڕێز بەشدارم، سوپاس بۆ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی کە ئەم مەراسیمەیان ئەنجام داوە. لە هەموو دونیای پێشکەوتووی دونیا ئێستا ئەو کەسانەی کە مامۆستای بنەڕەتین ئەو کەسانەن بە لای کەمی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، تەماشای مامۆستایانی خۆمان بکەین دەبینین لە ڕابردوو زۆربەیان دەرچووی پەیمانگەکانن یان خولیان بینیوە و بوونەتە مامۆستا. بێگومان چەندە ئاستی زانستیی مامۆستایان کە وانەکان دەڵێنەوە بەرز بێت، لە ئەنجام ئەوەندە قوتابی باش بۆ ولاتەکەمان پەروەردە دەکرێت.

وەزیری پەروەردە باسی لەوە کرد کە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا تەواوکەری یەکترن و کردنەوەی کۆلیژی بنەڕەتی ئێواران بە ڕاستی دەستکەوتێکی گەورە بوو و کردنەوەی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ئەو مامۆستایانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهەر هۆکارێک بووبێ نەیانتوانیوە دریژە بە خوێندنی زانکۆیی بدەن. — لەکۆتایی مەراسیمەکەدا لۆگۆی ڕێزلێنان بەو بەڕێزانە بەخشرا کە پاڵپشتی کردنەوەی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران بوونە بۆ خوێندنی مامۆستایانی ئێواران.

بریکاری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، لەم هەفتەیەدا بەرنامەیەک لەگەڵ حکوومەتی عێراق دادەنێین بۆ ئەوەی دەست بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال و سەماوە بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دوو تیم ئاماده دەکرێن.

بریکاری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرەڤان حەمدی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەهۆی سووتاندنی گەنمی جووتیارانەوە لە ناوچە کوردستانییەکان لە سنووری شنگالیش هەندێک گۆڕی بەکۆمەڵ سووتاون و تیمێکی کۆکردنەوەی بەڵگەکان سەردانی ئەو شوێنانەیان کردووە و ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە ئاماده دەکەن. لە بەمەبەستی هەواڵپرسین لە ڕەوشی تەندروستییان، ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی لە شاری هەولێر سەردانی بریندارانی تۆپبارانی تورکیایان کرد کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە دەقەری سیدەکان بەکۆمەڵەکان ڕاگیرابوو، بەڵام لەم هەفتەیەدا لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەرنامەیەک بۆ دووبارە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دادەنێین.

حەمدی باسی لەوەش کرد: دوو تیم ئاماده دەکەین، تیمێک گۆڕەکانی شنگال و تیمێکیش گۆڕەکانی سەماوە هەڵدەدەنەوە، چونکە جگە لە شنگال سێ گۆڕی بەکۆمەڵ لە سەماوەش هەن ئەوانیش هەڵدەدرێنەوە.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە لە سنووری قەزای شنگال نزیکەی 80 گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە، کە لە ماوەی ڕابردوودا 10 گۆڕ لەوانە هەڵدراونەتەوە بە هەماهەنگی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و عێراقدا و بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان.



بەرەڤان حەمدی گوتیشی: لە 3/15 دەستمان بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کردووە و بەهۆی مانگی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزانەوە هەڵدانەوەی گۆڕە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە دووبارە نەبنەوە.

کۆچۆ دوو گۆڕ، لە تلبەنات یەک گۆڕ و لە حەردان یەک گۆڕ سووتاون و سووتانەکە کاریگەریی زۆری نابێت، بەڵام زیانیشیان پێ گەیشتووە، بۆیە بەردەوام دەبین کاری لەسەر دەکەین و هیوادارین هەردوو حکوومەت لەبارەی ئەو ناوچانەوە بگەنە

بەرەڤان حەمدی: دەست بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال و سەماوە دەکرێت

ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی بریندارانی تۆپبارانی تورکیا بەسەردەکەنەوە



بریندارببوون.

لای خۆیەوە وەیسی سەعید وەیسی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: بەداخەوە ماوەماوە بەهۆکاری جموجۆڵی سەربازی پەکەکەوە لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە دەڤەرەکە بوردومان دەکرێت، بۆیەش داوا لە هەردوولا دەکەین شەرو ناکۆکیەکانیان ببەنەوە ناو خاکی خۆیان تاکو چیتر بەم بیانوە دەڤەرەکە وێران نەکرێت و خەڵکی سیڤیل شەهیدو بریندار نەبن، تەنانەت بەهۆی ئەم ڕەوشەوە دەیان گوندی دەڤەری سیدەکان تاکو ئێستا ئاوەدان نەکراینەوە، هەروەها هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندارانی لە خوای گەورە خواست.

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران 17 تا 18 کاتژمێر کارەبا بە هاوڵاتیان دەدرێت

پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کارەبا و چۆنیەتی ئیشپێکردنی یەکەکانی وێستگەکانی غازی بەرهەمهێنانی کارەبا و کارۆتاوی لەهەردوو بەندەوای دوکان و دەربەندیخان، کە لە ئێستادا بەتێکڕا 3570 میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنرێت، بەم بڕە کارەبایە و بەرچاوکردنی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و هەڵکشانی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا بۆ 5000 میگاوات، وەزارەتی کارەبا دەتوانێت لە ناوەراستی ئەم مانگە 17-18 کاتژمێر کارەبا بدات بە هاوڵاتیان و 6 کاتژمێرەکەی دیکەش لە ڕێگەی موولیدەی ئەهلیەوە کارەبا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت، داوا لەهاوڵاتیانیش دەکەین هاوکارمان بن لەکەمکردنەوەی زیاد بەکارهێنانی کارەبا، چونکە لە وەرزی هاوین دا بارگرانیەکی زۆر دەکەوێتە سەر وێستگەو گۆڕەرو تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەباو بەهۆیەوە زۆرجار بەپێی پێویست ناتوانرێت کارەبا بگەیەنرێتە هەموو هاوبەشانی کارەبا.

کەرکووک.. ئەفسەرێک بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچێک دەستگیر کرا

پۆلیسی کەرکووک ئەفسەرێکی دەسگیر کردووە کە هەفتەی ڕابردوو کچێکی ڕفاندبوو و لە نێو ئوتۆمبیلێکی حکوومی دەستدرێژیی سێکسی کردبووە سەری. هەفتەی ڕابردوو لە شاری کەرکووک کچێکی هەرزەکار ڕفێندرا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بێسەروشوێن بوو، دواتر پۆلیسی کەرکووک تۆمەتبارێکی دەسگیر کرد کە پلەی ئەفسەری بالایە لە پۆلیسی کەرکووک. پۆلیسی کەرکووک دانپێدانانی ئەفسەرەکەی ئاشکرا کردووە کە دانی بە ڕفاندنی کچەکەدا ناوە و دواتر لەنێو ئوتۆمبیلی پۆلیسدا دەستدرێژیی سێکسی کردووەتە سەری. ئەو ئەفسەرە بە مادەی 369 یاسای سزادانی عێراقی سزا دراوە.

120 کۆمپانیا لە 14 وڵاتدا تێیدا بەشدارن

پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر... یەکەم پیشانگەی پەیوەندییەکان و ئەلیکترۆنیات کرایەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دوا بەدوای کردنەوەی پێشانگای کەلوپەل و بەرهەمەکانی وڵاتی ئێران بەبەشداری 280 کۆمپانیا ڕۆژی 6/11 پێشانگای بواری پەیوەندیکردن لە ڕۆژی 6/13 بە ئامادەبوونی نەورۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارو دکتۆر سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و سۆران قادر بەڕێوەبەری پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێرو ژمارەیەک بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ژمارەیەک لە نوێنەری حکومەتی عێراقی فیدراڵ و نوێنەری کۆمپایاکانی پەیوەندی کردن و ئینتەرنێت لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر کرایەوە و تیایدا 120 کۆمپانیا بەشداریان لە پێشانگاکەدا کرد لە بوار ئینەتەرنێت و پەیوەندی کردن و ئەلیکترۆنیات.





پێشانگایە دەدرێت و لەو پێشانگایەدا 120 کۆمپانیا لە 14 وڵات بەشداریان کردووەو بریتین لە گەورە کۆمپانیاکانی چەندین وڵاتی زۆر پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیتاڵیاو ژاپۆن و چین و ئیمارات، خۆشحاڵین بە کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایە لە کوردستان و بەشداری کردنی ئەو هەموو وڵاتە گەورانە بۆ ئارامی و هێمنی کوردستان دەگەڕێتەوە هانی کۆمپانیاکانی دیکە دەدات تا بەشداری لە پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێردا بکەن و پێشانگایەکی گرنگە و تیایدا کۆمپانیکانی ئینتەرنێتی کوردستانیش بەشداریان کردووە لەگەڵ ئەو پێشانگایەش پێشانگای بەرهەمەکانی وڵاتی ئێرانیش کرابۆوە و ئێمەش لە پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر هەموو کاتێک لە ئامادەباشی تەواو داین بۆ کردنەوەی چەندین پێشانگای دیکەیش، مەبەستیش لە کردنەوەی ئەو هەموو پێشانگایانە بەرز کردنەوەی کەرتی ئابووری و بازرگانیە لە کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو جۆرە ئاسانکاریەکی کردووە بۆ بازرگانان تا زیاتر گرنگی بە کەرتی ئابووری بدرێت و سوپاسی هەموو کۆمپانیاکانی وەکو کۆرەک و زین و ئاسیا سیل ونەورۆز تیلکۆم دەکەین کە بەشداریان لەو پێشانگایەدا کردووە جگە لە کردنەوەی پێشانگا چەندین پانێلی گرنگ سەبارەت بواری پەیوەندی کردن و ئینتەرنێت لەلایەن ئامادەبوانەوە پێشکەش کرا. دواتر عومەر فالح بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیەکان لە کۆمپانیای ئاسیا سێل گوتی: دیارە بۆ جاری یەکەمە ئەو جۆرە پێشانگایە لە کوردستان بواری مۆبایل و ئینتەرنێت و ڕاگەیاندن و بەبەشداری کردنی ئەو جۆرە پێشانگایە تایبەت بوو بە بواری پەیوەندی کردن و پێشانگای ئەمجارە تایبەتمەندیەکی لە ڕادەبەدەری هەیەو تەنها تایبەتە بە گەیاندن و تیلی کۆم و تایبەتە بە تەکنەلۆژا زۆر گرنگەو ڕەنگی داوەتەوەو زۆر پێشکەوتووەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندنایە، بۆیە لە کوردستان گرنگی بەو جۆرە پێشانگایەی کە تایبەتە بە بواری گەیاندن و پەیوەندی کردن و کۆمپانیاکەمان بەگرنگی زانی بەشداری لەو پێشانگایەدا بکات. شایەنی باسە پێشانگاکە تاوەکو ئەمڕۆ 16 مانگ بەردەوام دەبێت.

کار بۆ فراوانکردنی ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە و هەورامان دەکرێت



پارێزگای هەڵەبجە دەوڵەمەندە بە ناوچەی گەشتیاری جۆراوجۆر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەو شارەش دەڵێ، پلان هەیە لەگەڵ کەرتی تایبەت، پەرە بە ناوچە گەشتیارییەکانمان بدەین و، دەکرێ وا لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە بکرێت کە هەرچوار وەرزی ساڵ گەشتیار ڕووی تێ بکەن. وەهاب ئەمین بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری هەڵەبجە بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: هەڵەبجە ناوچەی گەشتیاری جۆراوجۆری زۆر تێدایە و دەکرێ وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بکرێت کە لە وەرزەکانی هاوین و زستان و پایز و بەهاردا بەردەوام گەشتیار ڕوی تێ بکەن. جگە لە وەرزی بەهار و هاوین، بەهۆی جوانیی سروشت و هەڵەکەوتەی جوگرافییەکەیانەوە لە وەرزەکانی پایز و زستانیشدا گەشتیاران ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە و هەورامان دەکەن، وەهاب ئەمین دەڵێ: ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەورامان دەکەن. وەهاب ئەمین گوتی: ئێمە لە هەڵەبجە و هەورامان ناوچەی گەشتیاری تەندروستی و شوێنەواری و هونەری و وەرزشی و سەیرانگا و چەندین ناوچەی گەشتیاری ترمان هەیە، دەکرێ وەبەرهێنانی گەورە لە ناوچە گەشتیارییەکاندا بکەین.

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە گوتی: لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە چەندین پڕۆژەی گرنگ بۆ ناوچە گەشتیارییەکان جێبەجێ کراون و بۆ ساڵی 2019ش بۆ زیاتر گرنگیدان بە ناوچە گەشتیارییەکان چەندین پڕۆژەی ترمان بۆ سەرووی خۆمان بەرز کردووەتەوە. بەرپرسەکەی گەشتوگوزاری هەڵەبجە هێما بۆ ئەوە دەکات: لەگەڵ وەبەرهێن و دەوڵەمەندانی هەڵەبجە و کوردستان قسەمان کردووە، کە بێن پڕۆژەی گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکان جێبەجێ بکەن و ئێمەش ئامادەی هەموو هاوکارییەکیانین. ساڵانە بە دەیان هەزار گەشتیار ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە و هەورامان دەکەن، وەهاب ئەمین دەڵێ: ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری هەڵەبجە و هەورامان دەکەن و، بۆ جەژنی ڕەمەزان 40 هەزار گەشتیار ڕوویان لە ناوچە گەشتیارییەکان کردووە.

ناوبراو گوتی: داوا لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەڵەبجە بکرێتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار تاوەکو زیاتر بتوانین کارەکانمان جێبەجێ بکەین.

پارێزگاری هەولێر لەگەڵ لیژنەی گۆڕینی سیستەمی کارکردنی ئۆتۆمبێل لە بەنزینەوە بۆ غازی ماڵان کۆدەبێتەوە



بۆ ڕێکخستنی باشتری گۆڕینی سیستەمی ئوتومبێل لە بەنزینەوە بۆ غاز، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگا سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لیژنەی سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسیسی گۆڕینی سیستەمی کارکردنی ئۆتۆمبێلی لە بەنزینەوە بۆ غازی مالان کرد، کە هەریەک لە بەڕێوەبەرانی گەشەپێدانی پیشەسازی و بەرگری شارستانی و کارگەی غاز و سووتەمەنییەکان و ژینگە و کاروباری ناوخۆ و کاری هەولێر ئامادەی بوون. لەکۆبوونەوەکەدا پارێزگاری هەولێر جەختی لەسەر پشتگیریکردنی هەولەکانی ژینگەپارێزی پارێزگای هەولێر کردەوە کە ئەندامە لە فیدراسیۆنی شارەوانییەکانی ولاتانی یەکێتی ئەورووپا بۆ کەمکردنەوەی هۆکاری پیسبوونی ژینگە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە گونجاوەکانی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە. هەروەها وەک پشتگیری لە هەوڵەکانی گۆڕینی سیستەمی کارکردنی کۆستەرو پاس و ئۆتۆمبێل لە بەنزینەوە بۆ غازی مالان، وەکو یەکەمین پارێزگای عێراق و هەرێمی کوردستان کە پشتگیری ئەو پرۆسەی کردووەو تا ئاستێکی دیار خەڵکیش ئەو سیستەمەیان قەبوولکردووە.

هەروەها بڕیاری پێویستیش درا بۆ دەستنیشانکردنی ڕێوشوێنەکانی دامەزراندنی وێستگەی پڕکردنەوەی غازی ئوتومبێل بەتەواوی مەرجەکانی پیشەسازی و سەلامەتییەوە.

هەروەها پێدانی مۆڵەت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاری هەولێر بۆ ئەو دەزگاو وەرشانەی کە سیستەمەکە دادەمەزرێنن بەتەواوی مەرجەکانەوە، بۆ زامنکردنی سەلامەتی پرۆسیسەکە بە تێچووی گونجاوو سەلامەتی تەواوەوە و چاودێریکردن و بەدواداچوونیش لەلایەن لیژنەی تایبەتی تەکنیکی و ژینگەپارێزییەوە تا ئەو ڕادەی ڕێژەی بەکارهێنەرانی سیستەمی غاز ڕوو لەزیادبوون بکات بەو پێیەی هەم تێچووی و خەرجی کەمترەو هەم لە ڕووی ژینگەپارێزیشەوە کاریگەری نەرێنی زۆر کەمترە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سالح عەبدولکەریم

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆی سلێمانی پرۆفیسۆر یاسین سالح عەبدولکەریم-مان پێگەیشت. هاوخەمیمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستان و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆی سلێمانی دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ بەڕێزان شەماڵ حەوێزی و بەهزاد حەوێزی

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان سەرەخۆشیتان لێدەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووریش بە خانەوادە و کەسوکاری ببەخشێت و دوا ناخۆشیتان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو شێخ سەلاح شێخ فەتاح عەوڵانی و سەرجەم خزمانی ساداتی پیرخدری شاهۆوە ڕێزو پێزانین و حورمەتمان ئاڕاستەی سەرجەم خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە گشتی و شارۆچکە قەدرزانەکەی پیرەمەگروون بەتایبەتی و لایەنە سیاسیەکان و فەرمانگە حکومیەکان و کەسایەتی و پیاوانی ئایینی و ڕێکخراوە حکومی و مەدەنیەکان و هەموو ئەو کەسانەی بەشداری پرسەی خوالێخۆشبویان کردوە دەکەین، ئەوانەش کە بەهەرهۆیەک نەیانتوانیوە بەشداری بکەن بە نامە یان بە تەلەفۆن سەرەخۆشیان لێکردوین زۆرسوپاسی هەمولایەک ئەکەین ئەمجارەش کۆمەڵگاکەمان سەلماندی خەمی تاک خەمی هەموانە و هەمومان یەک جەستەین هەست بە ئازارەکانی یەکتر دەکەین دووبارە سوپاس بۆ هەموتان خوای گەورە هەمولایە پارێزراو بکات.

مستەفا شێخ سەلاح عەوڵانی
لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

حاجی ئۆمەران...
زیاتر لە 5 تەن دۆشاوی تەماتە بۆ ئێران گەڕێندرایەوە

کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران لە ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بە باسنیوز گەیشتووە، تێیدا ڕوونیکردووەتەوە، ڕۆژی شەمە 2019/6/15 هەڵسایین بە گەڕانەوەی یەک بار هەڵگر بە بڕی 25 تەن 100 کیلۆگرام لە دۆشاوی تەماتەی شکیب. ئاماژە بەوەشکراوە، کە دۆشاوەکە لەلایەن لیژنەی هۆیەی ئموونەی خۆراک پشکنینی بۆ کرا، بەڵام لە پشکنینی تاقیگە دەرنەچوو، بۆیە لەلایەن لیژنەی هاوبەشی کۆمەڵگاوە دۆشاوەکە گەڕێندرایەوە بۆ ئێران.

تیمێکی فەرەنسی لێکۆڵینەوە لەسەر شوێنەوارەکانی بەردەڕەش دەکات



خەبات- ئالان شەهاب:

هیوا شەمال، بەڕێوەبەری شوێنەواری ئاکرێ بە خەباتی ڕاگەیاند: تیمێکی پەیمانگای ifpo ی فەرەنسی بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ئاکرێ لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر گردی شوێنەواری ئامیان سەر بە قەزای بەردەڕەش دەکەن لە سەر دەستی شارەزایانی بواری شوێنەواری.

هەروەها گوتی : ئەوە ماوەی 20 ڕۆژە دەستکراوە بە لێکۆڵینەوە و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبن و لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکاندا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕادەگەیەندرێت.

هەروەها زیاتر گوتی: 60 گردی شینواری لە قەزای بەردەڕەش هەن تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە و قوناغ بە قوناغ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو گردانەش دەکرێت تاکو میژووی دورستکردنیان بزانرێت.

مەیدانی دارەکەی سلێمانی.. نزیکەی 250 کاسبکار ڕۆژانە لەم جێگایەدا کاری کڕین و فرۆشتنی دار دەکەن



مەیدانی دارەکەی سلێمانی مێژوویەکی کۆنی لە شارەکەدا هەیە و لەسەرەتای بنیاتنانی سلێمانییەوە کاسبکاران لە شوێنێکی تایبەتدا کاری کڕین و فرۆشتنی داریان کردووە، بەپێی بەرفراوانبوونی شارەکەش تا ئێستا چەند جارێک شوێنی مەیدانی دارەکە گواستراوەتەوە.

لەئێستادا لە دەرەوەی شاری سلێمانی و لە ناوچەیەکی نێوان سلێمانی و شارۆچکەی عەربەت، شوێنێکی تایبەت بۆ کاسبکارانی ئەم بوارە دیاری کراوە و نزیکەی250 کاسبکار ڕۆژانە لەم جێگایەوە سەرقاڵی مامەڵەکردنی کڕین و فرۆشتنی دارن.

کاسبکارێکی مەیدانەکە ڕۆستەم سالح لە بارەی مێژووی مەیدانەکە و کڕین و فرۆشتنی دار لە سلێمانی، بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: کاتی خۆی ئەم کارە لە ڕێگەی ولاغەوە کراوە و چەند داریکیان دەهێنایە سلێمانی بە تایبەتی داری بەڕوو بۆ سووتاندن و خەڵووز و لە شوێنێکدا کۆیان دەکردەوە بەتایبەت لە گومرکە سووتاوەی سلێمانی کە خان بوو، دواتر دەخرایە مەزادەوە و کڕیارێک ئەو دارانەی دەکڕی بۆ سووتاندن و خەڵووز بۆ کەبابخانەکان بەکاریان دەهێنا.

ئەو گوتی: لە کاتی کۆنەوە زۆربەی دارەکان لە ناوچەی شاربازێڕەوە و بە ولاغ بەیانییان زوو دەهێنرایە سلێمانی، بەڵام ئێستا ئەو دارانەی دەهێنرێتە ئەم مەیدانە زیاتر لە تورکیا و ئێرانەوە دەهێنرێت.

بەشی زۆری ئەو دارانەی لەم جێگایەوە مامەڵەیان پێوە دەکرێت ڕەوانەی دەرەوەی شاری سلێمانی و شارەکانی تری عێراق دەکرێن لە بواری جۆراوجۆردا بەکار دەهێنرێن.

مەحمود حسێن کەریم پیاوێکی بەتەمەنی کاسبکاری مەیدانەکەیە، ئەو لە بارەی بیرەوەری خۆیەوە باسی لەو مەیدانە کرد و گوتی: ئەوەی من بیرم بێت کاتی خۆی لە نزیک مزگەوتی گەورە کە ئێستا دارە سووتاوەکەی پێدەڵێن کاری کڕین و فرۆشتنی دار دەکرا، دواتر چووە دەباشان و نزیکەی20 ساڵ لەوێ ئەو کارەمان کرد، پاشان بۆ جادەی قەیوان و ماوەی هەشت ساڵیشە گوازراوینەتەوە بۆ ئەم جێگایەی ئێستا.

ئەو هەروەها گوتی: دارەکانی نێو مەیدانەکە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ولاتانی دەرەوە دەهێنرێن بە تایبەت تورکیا کە خواستی زیاتری لەسەرە، بەڵام بڕی گومرکەکەی زۆرە و بۆ هەر باریک نزیکەی هەزار و 600 دۆلارمان لێوەردەگرن، لێرەش نرخی جووتێک دار لە دوو هەزار دینارەوە دەست پێ دەکات بۆ 30 هەزار دینار.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/6/16 ژمارە (5768)
خەبات

بەدواداچوونێکی (خەبات) لەسەر تاقیکردنەوە وزاریيەکان

زۆرترین هەڵەی چاپ، پرسیاری ناڕوون، فرە وەڵام سیمای سەرەکی تاقیکردنەوەکان بوو



بەدواداچوون/ ڕۆشنا عەلی

تاقیکردنەوە گشتی و وزاریيەکانی پۆلەکانی نۆ دوانزەی ئامادەیی ئەمسالّی خوێندن لە 26-5-2019بەڕێوە چوون و ئەمسالّیش وەک سالاّن تاقیکردنەوەکان کەوتنە بەر لێشاوی دەنگۆی تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان و دەنگۆکانیش خۆی لە هەڵەی پرسیارو دەقی ناڕوون و پرسیاری فرە وەلاّم و پرسیاری بێ وەلاّم و خراپی لە تایپی پرسیارو هەڵەی ئیملالاو پرسیاری دەرەکیدا بینیوەتەوە ، ئەمە لە کاتێکدایە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان لە دوو کاتی جیاوازدا دوو ڕونکردنەوەی بلاّو کردەوە ، کە لە کورتترین تێگەشتندا ئەوەبوو کە مافی هیچ قوتابییەک نافەوتێ و لە بوونی هەڵەی لەو جۆرە قوتابییان قەرەبوو دەکرێنەوە ، لاپەڕەی پەروەردە بۆ ئەم مەبەستە بەدواداچونێکی مەیدانی لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان لە گەڵ قوتابییان ئەنجامدا.



ڕێگەیان نەدا بەشداری تاقیکردنەوە بکەم

سەرەتا لەگەڵ چوفان بۆ یەکێک لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوە قوتابییەک لەدەرەوەی هۆڵەکە وەستابوو لێم پرسی چۆن بووی لە تاقیکردنەوەکە؟ بەڵام ڕێگایان پێنەدابوو بەشداری تاقیکردنەوەکە بکات **وریا نەجات سەلیم بۆخەبات وتی** " تەنها چارەکێک دواکەوتم ، بەڵام بەڕێوەبەری هۆڵەکە ڕێگای پێنەدام بچمە تاقیکردنەوەکە و لە کاتێکدا عوزرم هەبوو دایکم لە نەخۆشخانە بوو لە دەرەوەی هەولێرەوە بە ماتۆڕ هاتم و لە ڕێگاش ماتۆڕەکەم عاتڵ بووخێرا تەکسیم گرت ، بەڵام بەڕێوەبەری هۆڵەکە ڕێگای نەدام تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەم ناچارم تاقیکردنەوەکە بخەمە خولی دووەم کە زۆر باش خوێندبووم و خۆم هیلاک کردبوو خۆت دەزانی هەر وانەیەک بکەوێتە دەوری دووەم کۆی نمرەکان دادەبەزێنێت لە کاتێکدا لە تاقیکردنەوەکانی پێشوودا زۆر باش بووم و دەردەچووم ئێمە قوتابی دەرەکین لە دەرەوەی هەولێرەوە دێین دەبێت حسابی ئەوەمان بۆ بکەن.

کاریگەری دەنگۆکان

دەربارەی ئەو دەنگۆیانەی کە گوایە پرسیارەکان کەشف بوون و قوتابی سارد کردۆتەوە ئایا ئەوان هیچ هەواڵێکی لەو جۆرەیان بیستووە و تاچەند کاریگەری لەسەر دروستکردوون؟

لەمبارەیەوە قوتابی دوانزەی ئامادەیی یاسین بارام ئامادەیی دەکات هیچ پرسیارێکتان بۆ هاتۆتەوە لە ناو مەلزەمەی مامۆستایەکدا هەبێت و لە کتێبەکەی خۆتانا نەبێت یاسین وتی " لەکوردی دوو پرسیارمان بۆهاتبۆوە لە کتێب نەبوو بەڵام وتیان لە مەلزەمە هەبوو ، بەڵام پرسیارەکەمان بۆ حساب کرا تا ئێستا هیچ کێشەیەکمان نەبووە جگە لە عەرەبی.

ئەحمەد وهاب دەربارەی شێوازی تاقیکردنەوەکان وتی: واهەست ئەکەم غەدرێکی گەورەمان لێکراوە لە تاقیکردنەوەکان ڕۆژانە حەوت کاتژمێر دەخوێنم خۆمان زۆر ماندوو دەکەین کە دێینە سەر تاقیکردنەوەکان دەبینی زۆری پرسیارەکان پەیوەندی بە کتێبەکەوە نییە.

بازرگانی بە قوتابییەوە

عەلی فەرهاد یەکەم ساڵێتی بەشداری لە تاقیکردنەوەکان دەکات لە قوتابخانەیەکی تر تاقیکردنەوەی ئەنجامدا بوو ئەو دەربارەی پرسیارەکان و خوێندن لەسەر مەلزەمە وتی " ئێمە لەبەر ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی وەلاّم دەدەینەوە هەندێک وەرگێڕان جیاوازی هەبوو لەگەڵ کتێبەکە ، بەڵام باشتر بوو لە ساڵەکانی دیکە، بە گشتی پرسیارەکان ئاسان بوو ، بەڵام ورد بوو من ئەمڕۆ تاقیکردنەوەی کیمیام هەبوو.

هیچ پرسیارێکتان بۆ هاتبۆوە لە مەلزەمە هەبێت و لە کتێبەکانی خۆتانا نەبێت ، چونکە هەر مامۆستایەو ئەڵێت پرسیاری مەلزەمەکەی من هاتۆتەوە ؟ بەداخەوە پۆلی دوانزە کراوە بە بازرگانی بە قوتابییەوە هەر مامۆستایەک مەلزەمەی هەیە و مونافەسەی پێئەکات ، شتی وا نەهاتووە ڕەنگە تەنها ڕیکلام بێت بۆ مەلزەمەکانییان.

تۆ بۆ خوێندن مەلزەمە یان کتێب بەکار هێنا ؟ لەڕاستییا بۆ تێگەشتن لە خوول بووم لەسەر مەلزەمە ئەمخوێند بەڵام پێویستە هەمو قوتابییەک لەسەر کتێب بخوێنێت ، چونکە دڵنیام ئەوەی پرسیار دادەنێت کتێبی لایە نەک مەلزەمە.

لەبارەی ئەوەشی ئایا پرسیاری هەڵە لە تاقیکردنەوەکان هەبووە ؟ ئەو قوتابییە ئامادەیی بەوەکرد کە بەو جۆرە نەبووە و ئەگەر پرسیاری هەڵە هەبێت نمرەی خۆت پێدەدرێتەوە .

جولیان غانم سالّی یەکەمە کە بەشداری تاقیکردنەوە گشتییەکان دەکات و قوتابی قوتابخانەی هەولێری نموونەییە ئەو دەربارەی ئەوەی کە سیستەمییان ئینگلیزییە تاچەند کێشەی وەرگێڕانییان لە شێوازی پرسیار بۆ دروستبووە ئەو قوتابییە وتی: تا ئێستا زۆر باش بووە هیچ کێشەیەکی وامان نەبووە ، دەربارەی تاقیکردنەوەکان وتی : بە نیازی 100 نمرەم لە تاقیکردنەوەکەی ئەمڕۆ زۆربەی وانەکان لەسەرەتاوە لەسەر مەلزەمە دەمخوێند ، چونکە ڕونترە دواتریش دەچوومە سەر کتێب بە بۆچوونی من هەندێ وانە لە مەلزەمە باشترە و هەندێک لەسەر کتێب.

کەمی دەنگۆکان

شاد زیاد قوتابی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بۆ خەبات دەربارەی ڕاستیو ناڕاستی دەنگۆکان و کاریگەریان لەسەر قوتابی تاڕادەیەک بۆ قوتابی باش بوو هەرچەن جەژنەکە بۆ ئێمە نەبوو ، بەڵام بۆ خوێندن باش بوو.

شاد زیاد لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کێشەی سەرەکی تاقیکردنەوەکان زمانی عەرەبی بوو کە قوتابی عەرەب ئەبوو بۆی تەرجومە بکرایە ئەگەرنا هیچی لێ تێنەدەگەشت ، کەس نازانێ ئەم پرسیارانەیان لە کوێ دانابوو ئێستا هەموو قوتابیان بە نیازن ڕێپێوان بکەن پاش تەوابوونی تاقیکردنەوەکان لەسەر هەردوو وانەی عەرەبی و کوردی من نازانم بوو ئەمانە ئەگەر لە هەندێک قوتابخانەش بە قوتابی وترا بێت، بەڵام قوتابی دەرەکی نەبیستبوو لە هەندێک قوتابخانە درابوو بە قوتابیان و لە هەندێکیش بەقوتابیان نەوترابوو.

گومان لە کردنەوەی پرسیارەکان

قوتابییەک ئاماژەی بەوەدا کە ئەو گومانی هەیە لە تاقیکردنەوەی کیمیاو ئابووری زەرفی پرسیارەکان کرابێتەوە ئەو لەمبارەیەوە بۆ خەبات وتی: موسلیم خەلیل ئەمڕۆ زەرفی پرسیارەکان تیپی ئێوە بۆچی ئەم بۆچونەتان هەیە ؟ ئاخر 90%ی قوتابی خراپی وەلاّم داوەتەوە خۆ بۆ گشت قوتابییانە مەگەر تاک تاک قوتابی باش بوو بێت هەمووی زەربی لێدا تەنها بە هۆی عەرەبی یەک دوو پرسیاری لە مەلزەمەی مامۆستایەکدا هەبوو من بە نیازم 58م بۆ بێتەوە بۆ 80نمرە چوومە تاقیکردنەوەوە.

سۆزیاردەربارەی نمرەکەی کە ئایا چۆن بووە وتی " تا ئێستا نەموێراوە نمرەکان لێکبدەمەوە بۆ ئەوەی سارد نەبمەوە بۆ تاقیکردنەوەکانی دیکە، دەربارەی ئەو دەنگۆیانەی کە گوایە پرسیار فرۆشراوە تاچەند ئاگادارن ئایا ئەم دەنگۆیانە ساردتان ئەکەنەوە کاریگەری دەبێت لەسەرتان و ئاگاداری تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکانن ئەو قوتابییە وتی : من تۆڕی کۆمەلاّیەتی بە کار ناهێنم ماوەی پێنج مانگە نەمکردۆتەوە بێگومان ئەگەر ئەو شتانە بیستی زۆر کاریگەری ئەبێت و سارد ئەبێتەوە لەو بەرنامەیەی کە بەنیازی بۆ تاقیکردنەوەکان پەیڕەوی بکەیت من قوتابی هەبوو پرسیارەکانی پێبوو وتی ئەمە پرسیارەکانی بیرکارییە کرپومە وەرن بیخوێنن تەماشامان کرد پرسیاری تاقیکردنەوەو نوێ بوو دواتر چوینە تاقیکردنەوە ئەو پرسیارانەی هاتبۆوە ئەوە نەبوو وتیان دیارە زانراوە کە پرسیارەکان کەشف بووە دوایی گۆڕیویانە. سەما من تەماشای سۆشیاڵ میدیا ئەکەم، بەڵام ناتوانم باوەڕ بەو دەنگۆیانە بکەم کە لەبارەی کەشف بوونی پرسیارەوە بڵاو دەبێتەوە وە ئەمسالّ کەمترین دەنگۆی ئاشکرابوونی پرسیار هەبوو بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ، بەڵام پرسیارەکان زەحمەت بوون و سیغەی پرسیار هەڵەی زۆری تێدا بوو .

باوکی قوتابییەک

دەربارەی شێوازی گشتی پرسیارەکان و ڕەوشی تاقیکردنەوەکان و دەنگۆی تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان باوکی قوتابییەک وتی : ئێمەش گوێمان لەو دەنگۆیانە دەبێت دەڵێن پرسیار هەیەو بە 10000دۆلار دەیکڕیت بەڵام کە دێیتە سەر ڕاستی و پرسیار ئەکەیت هیچ بنەمایەکی نییە و ئەمسالّیش لە ساڵەکانی دیکە باشترە و تەنها دەنگۆیەو بەڵگە نییە ، ئەوەنەی من ئاگادار بم وەک باوکێک کێشە لە بیرکاری هەبوو وەرقەیان پێنەداون بۆ ئەوەی شیکاری پرسیارەکانی لەسەر بکەن ، کە دەبوو هەبێت تاقیکردنەوەی عەرەبیش ئاینەکە نەبێت زۆربەی پرسیارەکان لە کتێبا نەبووە.

پرسیارەکانی پۆلی نۆ

دەربارەی پرسیارەکانی پۆلی نۆی بنەڕەتی مامۆستا سەلام ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە پرسیارەکانی نیشتیمانی لە ڕووی هەبونی وەلاّمی دروست و جۆری نوسین و کوالیتی پرینت بەهێز بن تا دەرفەت بۆ قوتابی نەهێلێتەوە پرسیارو پێشنیارو تێبینی هەبێت لەسەر پرسیارەکان

چونکە لەکاتی بونی کێشەیەک لەپرسیارەکان ئەوە کۆنترۆڵی قاعە لاواز ئەبێت متمانەی قوتابی لاواز ئەبێت



جولیان غانم: تەنها یەک دوو پرسیاری دەرەکی تیا بووە



عەلی فەرهاد: بەداخەوە پۆلی دوانزە کراوە بەبازرگانی بە قوتابییەوە



یاسین بارام: پرسیارمان بۆهاتۆتەوە لەکتێب نەبووە لە مەلزەمەدا هەبووە



وریا نەجات: تەنها لەبەرچارەکێک دواکەوتن منییان خستە خولی دووەم



ئێمە لەسەر کتێبی نوێ دەخوێنین پرسیار لە کتێبی کۆن دێتەوە



باوکی قوتابییەک: دەڵێن پرسیار هەیەو بە 10000دۆلار دەیکڕیت، بەڵام کە دێیتە سەر ڕاستی و پرسیار ئەکەیت هیچ بنەمایەکی نییە



شاد زیاد: وەزارەتی پەروەردە دەڵێت؛ لەسەر مەلزەمە مەخوێن و ڕێگا بە مامۆستا دەدات مەلزەمە دانێن

وەزارەتی پەروەردە بە قوتابیان دەڵێت لەسەر مەلزەمە مەخوێنن کەچی ڕێگا بە مامۆستا دەدات مەلزەمە دانێت و مامۆستاش لە پۆلا قوتابی ناچار دەکات مەلزەمە بکڕێت مامۆستا هەیە وتویەتی مەلزەمەی من پێنەبوو مەیەرە پۆلەوە و پرسیار مەکە.

چەند قوتابییەک لە گفتوگۆیەکی کراوەدا ئاماژەیان بەوەدا کە ڕێنماییەکانی پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ ئیزافەکردنی هەندێک بابەت لە ڕێگای سەرپەرشتیارانەوە نەگەشتۆتە قوتابیان ، بەڵام لە تاقیکردنەوەکاندا پرسیاری تێدا هاتۆتەوە ئەوەش کێشەیەکی تربوو کە هەندێک پێیان وابوو پرسیاری خاریجییە ، زۆربەی ڕێنماییەکانی 2018 پێوە بوو چەند ڕۆژە تەماشامان دەکرد وانەبوو ئەمڕۆ تیپی پێوە کرابوو ئەگەر بڕیان بهێنمایە ئیمزام نەدەکرد ، چونکە دڵنیام کرابۆوە من دەخوێنم و خۆم هیلاک دەکەم یەکێکی کە دەیکڕێت مامۆستا هەیە وتویەتی مەلزەمەی من پێنەبوو مەیەرە پۆلەوە و پرسیار مەکە.

یسرا فەرهاد وتی: ئەو پرسیارانەی دانرابوون لەسەر شێوازی کۆن هاتبۆوە بە تایبەتی لە زمانی عەرەبی ئەبوو پرسیارەکان لەسەر هەمان شێوازی کتێبەکەی ئێستا بێت.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕەنگە قوتابی خۆی خراپ بێت و بیانوو بە پرسیارەکان بگرێت خۆ قوتابی هەیە من قسەم لەگەڵ کرد وتی پرسیارەکان زۆر دەرەکی نەبووە وەزارەتی پەروەردە بە قوتابی باش بوو هەرچەن جەژنەکە بۆ ئێمە نەبوو ، بەڵام بۆ خوێندن باش بوو.

شاد زیاد لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کێشەی سەرەکی تاقیکردنەوەکان زمانی عەرەبی بوو کە قوتابی عەرەب ئەبوو بۆی تەرجومە بکرایە ئەگەرنا هیچی لێ تێنەدەگەشت ، کەس نازانێ ئەم پرسیارانەیان لە کوێ دانابوو ئێستا هەموو قوتابیان بە نیازن ڕێپێوان بکەن پاش تەوابوونی تاقیکردنەوەکان لەسەر هەردوو وانەی عەرەبی و کوردی من نازانم

لەمبارەیەوە ئەو قوتابییە وتی: ئەو پرسیارانەشی کەلە کتێب نەبووە ئەو قوتابییە وتی : تەنها یەک دوو پرسیاری دەرەکی بوو ئەوانەی تر هەمووی ئاسایی بوو بۆمونە زیندەوەرزانی گران بوو، بەڵام دەرەکی و پرسیاری دەرەکی تێدا نەبوو ، من لەسەر کتێب دەخوێنم زانیاریم نییە ئەگەر لەسەر مەلزەمەی مامۆستایەک هەبووبێت بە تایبەتی زینندەوەرزانی ، وانەکانی تر بەپێی وانەکان کیمیاو فیزیا مەلزەمە باشترە ڕونکردنەوەی زیاتری تێدایە دەربارەی ئەوەشی ئایا لەم تاقیکردنەوەیەی ئەمڕۆ چەند دەهێنی ئەو قوتابییە وتی: بەتەمای 98نمرەم.

خوێندن لە نێوان مەلزەمەو کتێبدا

مستەفا بەکر قوتابی پۆلی دوانزەی ئامادەیی دەربارەی شێوازی



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدی هاووڵاتیاندا

خەبات: تریفە ئازاد

هەفتەی رابردوو لە رێوڕەسمێکی شایستەدا و بە ئامادە بوونی چەندین کەسایەتی سیاسی و خەباتگێر و دیپلۆماسی و وەزیر و سیاسەتمەداری ناوخۆ و بیانی، رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێرداوی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد. هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاک و دڵسۆزی رێبازی بارزانی و خەباتگێرێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا،لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی ناوماڵی کوردستان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانی کوردستان بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبنێت. هاوولاتیان دڵنیایی خۆیان بۆ رۆژنامەی خەبات خستەڕوو، کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی فیدراڵ نەخشەڕێگای شایستەی لەئەندێشەدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان حکوومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و جیهان، هەروەها خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان هەوڵێکی دیکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت. لەم ڕووەوە رۆژنامەی خەبات ڕاوبۆچوونی هاوولاتیان دەربارەی ڕۆڵ و توانەکانی نێچیرڤانی بارزانی بۆ خوێنەران دەخاتەروو.

هەمیشە پیاوی ڕۆژە سەختەکان بووە

لە سەرەتا سیروان تۆفیق لە بارەی ڕۆڵ و پێگەی داهاتووی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بێگومان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوو بە پیاوە نەرمەکەی سیاسەت و دیدگا فراوان لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەموو کات ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە کۆکردنەوەی کوردستانیان لە دەوری مێزی گفتوگۆ و هەموو کات پیاوی ڕۆژە سەختەکان بووە بۆ هێورکردنەوەی گرژی و ناخۆشییەکانی کوردستان لە لایەک و هێورکردنەوەی بارودۆخ و ئاڵۆزی نێوان هەولێر و نەیارانی ، ئەوەی لە ڕۆژی سوێندخواردنی بەڕێزیان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدیکرا توانی تەواوی ڕەنگ و پێکهاتە و دەنگە جیاواز و دژ بەیەکەکان لە یەکتری نزیک بکاتەوە و ڕۆژی هەڵبژاردنی بەڕێزیان ببێتە ڕۆژی ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و لایەنە سیاسییە ناوخۆیی و عێراقییەکان بە بۆچوونی من کاک نێچیرڤان دەتوانی ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی تەواوی کوردستانیان و ببێتە مایەی سەقامگیری و زیاتر پێشکەوتنی کوردستان و خۆشگوزەرانی بۆ میللەتی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی هەرێمایەتی و جیهان و هاونیشتمانیان چاوەڕوانیی گەورەیان لێی هەیە و ئومێدی زۆریان لەسەر بونیاد ناوە.

ڕۆڵ دەبینێ بۆ کۆدەنگی سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان

سەفین کاوێس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێر:


سەرەتا پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم بەبۆنەی بوونی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، ئەوەی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی کەسایەتییەکی دیار لە کوردستان و عێراق و جیهان و پێگەیەکی گرینگی هەیە لە ڕووی کومەڵایەتی سیاسی و دیبلۆماسی و لە هەمان کاتیشدا ئەزموونی ڕابردووی جەنابیان سەلمێنەری ئەوەیە ڕۆڵێکی یەکجار ئیجابی دەبێت ،بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق،وە یەکڕیزی ناوخۆی هەرێم لەگەڵ سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان کە هاوکاری کاک نێچیرڤان بارزانی بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە ڕۆڵە حەکیمانەکەی گەلی کوردی لە گەلێک قۆناغی سەخت ڕزگار کرد کە تووشمان هاتبوو و چونکە ئێمە دەبێت ئەوەمان لە بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێین.

هەنگاوەکانی دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز چووە بواری جێبەجێکردن

هەرێم شوکر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: جێگای خۆشحاڵی هەموو کوردێکە کە نێچیرڤان بارزانی بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە ڕۆڵە حەکیمانەکەی گەلی کوردی لە گەلێک قۆناغی سەخت ڕزگار کرد کە تووشمان هاتبوو و چونکە ئێمە دەبێت ئەوەمان لە بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێین. بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی پاراستووە تاوەکو لە کۆتاییدا گەیاندی بە کەنارێ ئارام ، ئەمە جگە لە لایەنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی کە جێگا پەنجەی وەک خاوەنی سەرەکی لەسەرە . لەلایەکی تر دەتوانم لە ئێستاوە بڵێم هەنگاوەکانی دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز چووە بواری جێبەجێکردن چونکە لەهەمان کاتدا بەڕێز مەسرور بارزانی کاندیدی ڕاسپێردراوە بۆ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی داهاتوو بۆیە دەتوانم بڵێم کوردستانێکی بەهێز بە هاوکاری کاک نێچیرڤان بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و ئاوەدانی هەرێم و کاک مەسرور بارزانی پارێزەری ئارامی و ئاسایشی هەرێم لە ژێر چەتری جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی پارێزەری شکۆ و سەروەری هەرێمی کوردستان . کاک نێچیرڤان دەتوانێت هەموو پەیوندییەکان لە ناوخۆ و لەگەڵ عێراق و لەبواری نێودەوڵەتی ڕێکبخاتەوە و بە سیستەمی بکات ، ئەمە جگە لەوەی کە دەتوانێت هەوێنی یەکریزی نێو مالّی کورد بێت و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بکاتە چەتری کۆکەرەوەی سەرجەم حزبە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاجیاکان و ئاین و ئاینزاکان.

لە پارێزەری ئاوەدانی بۆ پارێزەری سەربەخۆیی

دیدار ستار وەکو مامۆستایەک لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ڕوون و ئاشکرایە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە ساڵانی ڕابردوو دەورێکی باڵای هەبوو لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆش لە بونیادنانی کوردستانێکی دڵگیر و دروستکردنی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە پیاوی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژەسەختەکان ناسراوە، کەسێک بوو توانی کوردستان لە لێواری قەیرانێکی بەهێز بەرز بکاتەوە بۆ دۆخێکی باشتر ، بوون بە سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی زۆر ئومێدی بۆ خەڵک گەراندەوە کە ئایندەیەکی ڕووبەڕووی چونکە ڕابردووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پڕە لە کاری چاک و پەیوەندیی کاریگەر لەسەر ئاستی هەرێم . بوونی متمانە لە جەنابی نێچیرڤان بارزانی لەداهاتوودا کوردستان بەرەو پێشکەوتنێکی تر دەبات. نێچیرڤان بارزانی واتا پیاوی ڕۆژە دژوارەکان، واتا پیاوی ڕۆژی بەرنگار بوونەوەی قەیرانەکان، واتا پیاوی دروستکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، واتا نەرمی نواندن بۆ براکانی بۆ بەهێز کردنی کوردستان ,کەسایەتی نێچیرڤان بارزانی بەهۆی ئەزموونی چەندین ساڵەی پێمان دەڵێ لە داهاتوو ژیانێکی ئارامتر بۆ کوردستان دەهێنێ، پێمان دەڵێ کوردستان لە هەموو بوارەکان پێشکەوتنێکی گەورە بەخۆی دەبینێ. من وەک خودی خۆم بڕوای تەواوم بە لێهاتوویی جەنابیان هەیە، چونکە بە شێوەیەک ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکان دەبێتەوە تا بن برکردنی لە ڕەگەوە .هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم ئومێدەوارم زیاتر لە ئێستا کاری چاکتر بکات تایبەت ڕێگا خۆش بکات بۆ گەنجان تا ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت لە پێشکەوتنی کوردستان.



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

کاتەکە دیاریکراوە

هەفتەی رابردوو 11ی6ی 2019 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەپێی برگەی 12 لە مادەدی 10 لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 2005ی هەموار کراو و پاڵپشت بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە7ی ساڵی 2019ی دانیشتنی ئاسایی ژمارە 8 لە 11ی6ی 2019، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یەکەم فەرمانی سەرۆکایەتی ئاراستەی بەڕێز مەسرور بارزانی کرد و بەڕێزیانی ڕاسپارد وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانەکە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1- ڕاسپاردنی بەڕێز مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

2- دەبێ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لەماوەی 30ڕۆژدا لە دەرچوونی ئەم فەرمانە تێپەڕ نەکات.

3- ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

بۆیە بڕیارە ئەمڕۆ، بەڕێز مەسرور بارزانی سەردانی هەرێمەکە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بکات لەشاری سلێمانی بۆ وەرگرتنی ناوی کاندیدانی هەردوو حزبەکە، بۆ وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان.

لێرەدا هەڵوەستە و پرسیار ئەوەیە.. مەسرور بارزانی دەیتوانی لە هەولێر و لە ئۆفیسەکەی خۆی، لەڕێگای نوسراو یاخود پەیوەندی کردن بە هەردوولایەن، یاخود لەڕێی نێردەی تایبەت ناوی کاندیدەکانی هەردوو لایەن وەرگرێ، بەڵام ئاخۆ بۆچی بەڕێزیان بڕیاری داوە خۆی سەردانی هەردوو لایەن بکات بۆ وەرگرتنی ناوەکان؟!.

بێشک مەسرور بارزانی لەم هەنگاوەیدا، دوور لە مۆرکی حزبی کە بەڕێزیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەخوازێ بەشێنەیی لاپەڕەیەکی سپی پاک و بێگەرد لەگەڵ لایەنەکان بکاتەوە وەک سەرۆکی حکوومەتی کوردستان و وێرای ئەوەش دەخوازێ لەم سەردانەیدا ناوی کاندیدەکان بۆ پۆستی وەزیر وەرگرێت، هەروەها مەسرور بارزانی کەناڵکی پەیوەندی تازە و ڕاستەوخۆی حکوومەت لە گەڵ لایەنەکان دەکاتەوە. ئەمەش هەنگاوێکی ڕاست و دروست و نیاز پاک و دۆستانەیە کە مەسرور بارزانی دەستی پێکردووە. بۆیە هەموو خەڵکی کوردستان هیوادارن، ئەم سەردانەی مەسرور بارزانی بۆ سلێمانی مایەی خێر و هەماهەنگی و یەکریزی ناوماڵی کورد بێت و بۆ دیاری کردن و ڕاگەیاندیی ناوی وەزیرەکانی داهاتوو. چونکە (کاتەکە دیاریکراوە) و ناکرێ سیاسەتی مەرج و گوشار و هەڵبجە و کۆبوونەوە و کۆنفڕانس و (کیتابونا و کیتابکم) پەیرەو بکرێ لەپڕۆسەی پێک هێنانی حکوومەت و ڕێکەوتنی پێشەکیش هەیە لەسەر پۆستەکان. بۆیە دەبێ هەموولایەنێک ئەوە بزانێ کە بەڕێز مەسرور بارزانی تەنها 30 ڕۆژی لەبەردەستدایە11ی تەموز بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت، ئەگینا پڕۆسەکە ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت و مەسرور بارزانی ناچار دەبێت حکوومەتی زۆرینە پێک بهێنێت و ئۆپاڵەکەش لە گەردنی ئەوانە دەبێت کە سازیار و یەکریز و هاوکار و هەماهەنگ نەبوون.



سیروان تۆفیق



سەفین کاوێس



هەرێم شوکر



دیدار ستار

10/6/2019ئەو ڕووداوە مێژوییەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کە مەراسیمی سوێندی خواردنی کاک نێچیرڤان بارزانی بوو بە ئامادەبوونی ڕابەر و پێشەوامان جەنابی سەرۆک بارزانی، سەلێنەری ئەوەیە کە ڕۆڵی کاک نێچرڤان بارزانی ڕۆڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی باش دەبینێت بۆ خەڵکی کوردستان لە چوار ساڵی ئایندە،ئداوەیش لەبەر هۆکاری ئەوەی کە ڕێزدار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و لە داهاتووشدا بە بایەخەوە ئەو ڕۆڵە دەبینێ بۆ کۆ دەنگیی سەرجەم لایەنەکان کوردستانییەکان، لەوەش دڵنیام ڕۆڵی کاک نێچیرڤان بارزانی ئەم ئەرکە پیرۆزە بەباشترین شێوە بەڕێوەدەبات، چونکە لە ژێر چەتری ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی دەتوانین پێکەوە کوردستانێکی بەهێز بنیات بنێین و لە خزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان، تواناکان یەکبخەن و بیر بێت هەمان دەسەڵاتی سەرۆک بارزانی هەیە کە لە ڕابردوو هەیبووە، بەدڵنیاییەوە جەنابیان دڕێژەپێدەری هەمان سیاسەتی سەرۆک بارزانی دەبن هەروەک چۆن لە ڕابردوو پاڵپشتێکی سەرسەختی بڕیارەکانی سەرۆک بارزانی بوە . لەهەمان کاتدا ئەوەی جێگای دڵخۆشییە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان ئەو ڕابردووە حوکمڕانییەی کاک نێچیرڤانە کە لە چەندین وێستگەی جیا حکوومەت قەوارەی سیاسی و لەگەڵ عێراق و لەبواری نێودەوڵەتی ڕێکبخاتەوە و بە سیستەمی بکات ، ئەمە جگە لەوەی کە دەتوانێت هەوێنی یەکریزی نێو مالّی کورد بێت و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بکاتە چەترێ کۆکەرەوەی سەرجەم حزبە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاجیاکان و ئاین و ئاینزاکان.

ون بوون

تابلۆی دواوەی ئۆتۆمبێلی جۆری تویتا پیك اب دبل قەارە ژمارە(٣٩٠٣٨/ اربیل) حمل مۆدیل ٢٠٠٤ ڕەنگی سپی بەناوی (قادر احمد عمر) ون بووە ، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی (٠٧٥٠٣٧٣٨٧٨٣)

***

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجة

الرقم ٧٥٢

التاريخ/ ١٢ / ٦ / ٢٠١٩

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار المرقم ٢٩٢ محلة ((پير محمد الى طالب التسجيل ((سامان على مصطفى)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٩ / ٦ / ٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

رئيس اللجنة

القاضى / سۆران حمه شريف عبدالله

***

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجة

الرقم / ٧٢٠

التاريخ/ ١٠ / ٦ / ٢٠١٩

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار المرقم ٣٢ / ٢٢ مقاطعة ٢٤ جليلة الى طالب التسجيل ((وزارة المالية)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٩ / ٦ / ٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

رئيس اللجنة

القاضى / سۆران حمه شريف عبدالله

***

فەرمانگەی دادنووسی (دەشتی هەولێر)

ئاگاداری

ژمارە: ١٨٧

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٢

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (وسام عدنان کتمیو) لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٢ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پیشەسازی کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / عبدالستار عثمان قادر

ئامێرەکان:

١- ئامێری ئاش (بۆ وردکردنی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی ایران مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A٦٠.

٢- ئامێری ئاش (بۆ وردکردنی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A١٢٠.

٣- ئامێری شوشتن (بۆ شوشتن و ووشك کردنەوە) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A٤٠٠.

٤- ئامێری ڕاکێشان (بۆ ڕاکێشانی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A٤٠.

٥- ئامێری هیتەر (بۆ تواندنەوەی پلاستیك) ژمارە/ ١٨١٢٢٢١١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A٤٥٠.

٦- ئامێری بڕین (بۆ بڕینی داری پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A٥٠.

٧- ئامێری تۆزنە (بۆ تیژکردن) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی کارەبا توانای A٣٠.

٨- ئامێری ڕافیعە (بۆ بڵندکردنی مەواد) ژمارە/ ١٩٠٣٠٦٠٢٨٤٣ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سومەتەنی گاز.

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٩٢٤/ب٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (کرستوف الفرید جوشیم Christoph AIfred jochem)

داواکار (عباس فاضل عبدالرحمن) داوای ژمارە (٩٢٤/ب٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (کرستوف الفرید جوشیم Christoph AIfred jochem) ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٨ بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی (٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دولار امریکی) یان بە دیناری عیراقی بڕە پارەکە دەکاتە (٢٤٠٠٠٠٠٠٠٠ دوو ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار) وە خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی بختیاری) لە ٢٠١٩/٤/٢٤ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی (اعتراض) تان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگای لە ماوەی یاسایی (١٠) ڕۆژدا.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٦٣٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/١) ك (٤١) قریتاغ لەپشت ڕێگای گشتی هەولێر- گوێر، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە یادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبڕی پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میر ی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

هوبەی ڕاگەیاندن و پەیوندیەکان

ژمارە: ٦٤٣٦/١٠٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٣

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر ئاگاداری هاووڵاتیانی بەڕێز دەکاتەوە کە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی هەندی کەل و پەلی لەکارکەوتوو بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٦ لەکاتژمێر ١٠ی بەیانی لە کۆگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانیان لە (کەسنەزان نزیك هەزەی ئۆتۆمبێل) وە فرۆشتنەکە لە مەبلەغی (١١١٠٠٠٠٠) یازدە ملیون و سەد هەزار دینار دەست پێ دەکات پێویستە بەشدار بو ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکات:-

١- ئەو بەڕێزەی ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە دەتوانێت سەردانی شوێنی ناوبراوی سەرەوە بکات بۆ بینینی کەل و پەلەکان وە لیستەکەیان.

٢- بەشدار بوو پێویستە بارەمەتی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێت بەبری (٢٠٪) گورمەی خەملیندراو.

٣- ئەو کەسەی کە مزایدەکە دەباتەوە دەبێت لە ماوەی (٥) ڕۆژ لە پاش پەسندکردنی کونوسی مزایدەکە کەلوپەلەکان لاببات لەسەر حسابی خوی لەکاتی دەوامی فەرمی.

٤- پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە وە هەموو خەرجییەکانی تر دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڕێزەی کە لوپەلەکانی بۆ دەردەچێت وە بۆی ناگەڕێتەوە.

ئەندازیار

نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ٢١١٠/٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار (پارێزەر لیزا ڕشید صبری بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئاریافون سەرەڕای کارەکەی) هۆشدار لێکراو (اندریاس کوتروکیدس)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریپتان ئاراستە کراوە لەلایەن (پارێزەر لیزا ڕشید صبری بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئاریافون سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٤٨/١٠١٠) لە (٢٠١٩/٦/١٠) بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ ئامادەبوونت لەبارەگای کۆمپانیای ئاریافون لە عنکاوە لەسەر ڕێگای سەرەکی بەحرکە لە بەرواری لە (٢٠١٩/٦/٢٠) بۆ واژووکردن لەسەر پەڕاوەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای ئاریافون وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (کاریز) لە ناحیەی عەنکاوەی سەر بەشاری هەولێر لە (٢٠١٩/٦/١١) بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە

تاڤگە فاروق جمیل/ دادنووسی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٠٨٦

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٠

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١٢٠/٢٢٩ ك ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (حمدامین مرزا عبدالله) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار) لە جیاتی بڕی پارە (٨٧٠٠٠٠٠٠) هەشتا و حەوت ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مولکەکە/

خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار)

- خاوەن مولك (حمدامین مرزا عبدالله)

- جۆری مولك (ملك صرف)

- ڕووبەر (٩٩,٧٥م)

- ژمارەی مولك (١٢٠/٢٢٩ ك ٤٥ وارش)

شوێنی مولك (هەولێر/ گەرەکی گلکند سێتاقان/ پشت قوتابخانەی کامران/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠ مەتری).

- پێکهاتەکەی/ بریتی یە لە دوو ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم و دوو ژوورو حمام و مرافق لە نهۆمی دووەم یەك ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە طابقی زەوی.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٠٨٥

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٠

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١٢١/٢٥٠ ك ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (نجیبە سلیمان قادر) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی بڕی پارە (١٢٠٠٠٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مولکەکە/

خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)

- خاوەن مولك (نجیبە سلیمان قادر)

- جۆری مولك (ملك صرف)

- ڕووبەر (٢٠٠م٢)

- ژمارەی مولك (١٢١/٢٥٠ ك ٤٥ وارش)

شوێنی مولك (هەولێر ١٢١ گولان/ لە شاری هەولێر نزیك لەنگەی نوێ/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ٢٠م)

- پێکهاتەکەی/ ژێر زەمین و ئاودەست و یەك دوکان لە خوارەوە سێ ژووروو نادین و گەرما و ئاودەست لە نهۆمی یەکەم دوو ژووروو گەرما و ئاودەست لە نهۆمی دووەم لە بلۆك و کۆنکریت دروستکراوە.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٢٠١٩/١٣٧٤

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٣

ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا کەل وپەلێن (قاعة نیوستایل للحفلات والاعراس) ئەوا ڤەدگەریت بۆ قەردار (رمضان حجی محمود) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ریڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدە نیڤرو ل ڕوژا (١٠) دەهێ پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبێتە (٢٤٩٣٢٧٥٠)بیست وچار ملیون ونەە سەد وسیە ودوو هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار بو زانین دەلالیەت لسەر بکری یە

منفذ عدل دهوك / هلات عبدالكريم محمد

***

دادگای باری کەسی ڕواندز

ژمارە : ٣٢/ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢

جاردان

بۆ داوالێکراو/ سربست خالد خلیل/ کە شوێنی دانیشتنت نادیارە، داواکار (صبریە احمد طە) داوای ژمارە (٣٢/ش/٢٠١٩) ی لەسەرت تۆمار کردووە لەم دادگایە کەتیایدا داوای جیابوونەوە دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە گوێرەی اشعاری موختاری ڕواندز گەرەکی گەردەگەرد، پێت ڕادەگەیەنین بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بە پشت بەستن بە احکامی ماده (٢١) لە یاسای دادبینی شارستانی کە لە ڕۆژی دادبینی (٧/٣/ ٢٠١٩) ئامادەبێت یان بریکارت ئامادەبێت لە دادگاکەمان بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە پاشملە و ئاشکرا.

دادوەر/ بلال غازی كاك امين

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من (هیرۆ لطیف سعید) کە بەپێی کۆنوسی کۆبونەوەی دەستەی گشتی (کۆمپانیای سەنتەری دبی بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار)) کە لە ڕوژی ٢٠١٩/٦/١٣ بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .

پاکتاوکار

هیرۆ لطیف سعید

٠٧٧٠٢٢٢٥١٥٧

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ

بەشێ مولك و زەفی و زار

ژمارە: ١١/٣٠٠/١/١

ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/٥

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لیژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ رادەگەهینیت کو سەرئێك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا گورەپانا گەراج و ڤەگوهاستنێ لسەر پارچە ئەردی ژمارە (١٠٢٤٣/١) کەرتێ (٤١) گرێ پانێ ب ڕووبەرێ ٦١,٦,٧٢ م٢ بو ماوێ (٢) دوو سالا هەرکەسێ بڤێت پشداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ (٣٠) سیە ڕوژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەف سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە ل دم ژمێر دوازدەی نیڤرو و هەرکەسێ بو بکەفیت دێ و بهایێ ئاگەهداری یی و هەمی خەرجێت پێتڤێ کەڤنە ستوێ وی دگەل ڕێزگرتنێ.

ئەندازیار

خالد سلیمان یاسین

هـ. ڕێڤەبەرێ گشتی بو کاروبارێن هونەری

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٤١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٠)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دابینکردن و بەستنی دوو ئامێری (٣٠٠KVA UPS) بۆ نەخۆشخانەی ئاشتی لە قەزای سۆران) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٧٥,٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٤٢

ڕێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٦)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دابینکردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (شەقڵاوە + هەریر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٤٣

ڕێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٥)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دابینکردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (بلێ + میرگەسۆر + چۆمان) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٤٤

ڕێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٤)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دابینکردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (ڕزگاری + فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات + نیمرجنسی) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٤٦
ڕێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٢)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابینکردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (فریاکەوتنی رۆژئاوا + نانەکەلی + پیرمام) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ بەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەرێتەوە.

نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٤٧
ڕێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧١)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابینکردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (ئاشتی+ لەدایك بوون لە سۆران + فریاکەوتنی سۆران) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ بەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەرێتەوە.

نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٤٨
ڕێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٧)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابینکردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (هەولێری فێرکاری + دەروونی + فریاکەوتنی ناوەند) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ بەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەدابینکردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەرێتەوە.

نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٢٤٠٦ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٥/١١/١٢ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٧٨٩ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦١٩ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦١٧ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٥٢٥ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٥٢١ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦١١ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦١٣ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦٦٠ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٥٦٤ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦١٥ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٦٢٥ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٤٤٥ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٥/١١/١٢ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٥٣٣ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٥٢٦ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٥٣١ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٦/١٢/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەر/ حسین علی شێخ وەتمان
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:٣٣١٦/ب٢٠١٨/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
جاردان

بۆ/ داوالێکراو (نقيب مصطفى احمد/ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای شەهیان/ سەرەرای کارەکەی)

داواکار (چومان كريم غفور) داوای ژمارە ٣٣١٦/ب٢٠١٨/٢ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (نقيب مصطفى احمد/ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای شەهیان/ سەرەرای کارەکەی) داواکار داوای برە پارەی (٤٨٣٣٧٤) چوار سەدو هەشتاو سێ هەزارو سێ سەدو حەفتا و چوار دۆلار، ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٥/٣٠ بریاری دا بە:
١- پابەندکردنت بەدانی برە پارەی (٤٤٨٠١٢) چوار سەدو چل و هەشت هەزار و دوازدە دولار امریکی کە دەکاتە (٥٤٠٣٠٢٤٧٢) پێنج سەدو چل ملیون و سێ سەدو دوو هەزار و چوار سەد و حەفتا و دوو دینار.
٢- رد کردنەوە بەزیادەی (٤٢٦٤٦٥٧٢) چل و دوو ملیون و شەش سەدو چل و شەش هەزار و پێنج سەدو حەفتا و دوو دینار، لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/١٥٩ گولان لە ٢٠١٩/١/٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ راگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەلچوونەوەی پێداچوونەوەی هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبرو کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٨٩/ب٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣
جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ياسين علي احمد)

ئاماژە بەداوای بەرایی ژمارە (٢٨٩/ب٢٠١٩/٤) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (كامران اكرم طاهر) ئەم دادگایە لە رۆژی (٢٠١٩/٥/١٤) بەپاشملە بریاری دا بەپابەندکردنت بە دانی بری ٥٢٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر (٦٢٤,٠٠٠,٠٠٠) دیناری عیراقی بەداواکار وە لەبەر ئەوەی ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی کوێستان) لە ٢٠١٩/٢/٢٨ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٤٢٤٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٣

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هاوێر) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی ئاژەل و پێداویستیەکانی کشتوکالی/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس رۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (System partaers Managerlal) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

www.xebat.net
خەبات
پەک شەمە2019/6/16 ژمارە (5768)

دۆنالّد ترامپ لە دژایەتیکردنی (ئیخوان موسلمین) چی لە سیسی بەدەست هێناوە؟





موحسین محەمەد*

عەبدلفەتاح سیسی سەرۆکی میسر لە 9ی نیسان سەردانی کۆشکی سپی کرد، وا پێدەچێ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی دەرەوەی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەڕێوبێ. سیسی گەڕایەوە میسر، دۆنالّد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا کەوتە ڕاوێژکردن لەگەڵ بەرپرسە بالاکانی دەرەوە پێنتاگۆن، دوای سێ حەفتە ڕایگەیاند، ئەمریکا بەنیازە ئیخوان موسلمین بخاتە لیستی تیرۆر، پەیوەندی نێوان میسر و ئەمریکا هیچ کاتێک وەکو ئێستا نەبووە. ئەو باشییە لە چیی هاتووە؟ پار سالّ هەر خودی ترامپ داوای لەوڵاتانی عەرەبی کرد، هاوپەیمانییەتی عەربی (ناتۆی عەرەبی) بۆ بەرنگاربوونەوەی ئێران پێکبهێنن، داوایەکە هێشتا سەری نەگرتووە، بەربەستی سەرەکیش لەو سیناریۆیە، نەهاتنە پێشەوە، یان نا ئامادەیی میسرە لە پلانەکەدا. بەشداری نەکردنی شاندی میسری لەکۆبوونەوەی ریاز لەچەند ڕۆژی ڕابردوو، بۆ هەمان ئامانج، ئەوە دەسەلمێنێ، کە پێکهێنانی هاوپەیمانییە سەربازییەکە هێشتا پێنەگەیشتووە، لەکاتێکدا ناوچەکە ڕووی لە گرژییەکی ترسناکدایە.



بەر لەوەی بچینە سەربابەتەکە لەناو ئەمریکا، پێویستە دەکات، هەندێک بگەڕێینەوە بۆ دۆخی ناوخۆی میسر. بەهاری عەرەبی لە 2011 گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورەی بۆ وڵاتەکە هێنا، لەهەمان کاتیشدا چەندین کێشەی گەورەتر سەریان هەلّدا، کە ئاستەمە وڵاتەکە بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ دۆخی بەر لە بەهارەکە. یەکەمین کێشە، هەلاّوسانی ئابووریە کە پتر لە بازدان دەچی وەک لە بەرزبوونەوە، نرخی یەک جونەیهی میسری بەرامبەر بە یەک دۆلاری ئەمریکی، ئەوکات 5,79بوو. لە 2016دابەزی بۆ . 8,88لە ئێستادا، هەلاّوسان بازدانێکی گەورەتری بەخۆیەوە بینیوە، تاوەکو ئەمڕۆ نرخی دۆلار گەیشتۆتە . 17,8شارەزایانی ئابووری بەگشتی هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ڕێژەی گەشتیاران و وەبەرهێنانی بیانی وهەنارندنی دراوی بیانی لەلایەن کریکارانی میسری لە دەرەوە بۆ ناوەوەی وڵاتەکە. کێشەی بەرزبوونەوەی کردەوە تیرۆریستییەکان لە 2011 تاوەکو 2014بەشێوەیەکی ترسناک ڕووی لە وڵاتەکە کرد، لە 2015تاوەکو ئەمڕۆ بەهۆی گورج و گۆڵی سوپای میسری هێزە ئەمنییەکان، سالّ بە سالّ بەرەو کەمبوونەوە گەڕایەوە لە 2018تەنیا هەشت کردەوەی تیرۆریستی ڕوویدا. هەرچەندە پێشبینی کراوە لەساڵانی داهاتوو کردەوە تیرۆریستییەکان لەمیسر بەیەکجاری کۆتایی بێت، بەلاّم من ئەوە بەدوور دەزانم، لەبەرئەوەی تەواوی ناوچەکە ئێستا لە جەنگی بەردەوامی تیرۆردایە، بۆیە تاوەکو کاتێکی زۆرتر تیرۆر دەمێنێ. کێشەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی میسر بەپێی توانایی ئابووری وڵاتەکە، وا پێدەچی جۆرە هەڕەشەیەک بێ بۆسەر ئایندە. ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە (56) 1986 ملیۆن بوو دوای سی و دوو سالّ لە 2018گەیشتە (98) ملیۆن، هەندێک سەرچاوە ئەمسالّ بە ((104 ملیۆن ئاماژەی بۆ دەکەن. بەپێی بۆچوونی هەندێ لە شارەزایان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری لە ڕۆژهەلات بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی هوکاری سەرەکی سەرهەلّدان و گەشەکردنی تیرۆرە لەو وڵاتانە. میسر بەپێی ئەو بۆچوونە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەلاّوسان زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، پێشبینی ناکرێ بگەڕێتەوە دۆخی بەر لەبەهاری عەرەبی. جگە لەهەموو ئەو هۆکارانە، کێشە گەرمەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسیاسەتی ناوخۆی میسر هەیە. کەواتە ئەو وڵاتە بییەوێ یان نەیەوێ لەکێشەگەرمەکاندا یاریزانی سەرەکی دەبێ. بەبۆچوونی من، هەر وەک چۆن جەنگی هەشت سالّەی عێراق ئێران هەرگیز نەیدەتوانێ بەردەوام، بەهێز هاتنی بە لێشاوی کرێکاری میسری بۆ ناو عێراق، بەهەمان شێوە، هیچ جەنگێک لەنێوان ئێران و لاّتانی عەربی بەهێز بەشداری سوپای میسر ڕوونادات. بۆیە سالّی ڕابردوو، دۆنالّد ترامپ بۆ پێکهێنانی ناتۆی عەرەبی لە دژی ئێران، داوای لە سعودییە، میسر، ئوردن، وڵاتانی کەنداو کرد، بەرەیەکی سەربازی هاوشێوەی (ناتۆ) پێکبهێنن . هەر لەم ڕۆژنامە ئازیزەدا لە ڕۆژی 7 ی ئابی پار سالّ بەو ناونیشانە، بەدواداچوونێکم بۆ ڕاپۆرتە سێ قۆڵیەکەی (یارا بەیومی و جۆناسان لاندای و ئارین سترۆبێڵ) لەبارەی پێکهێنانی ئەو بەرە سەربازییە کرد. وا پێدەچێ سەردانی سیسی و ڕاگەیاندنەکەی ترامپ، سەرەداوێکی نوێمان بداتە دەست، ئەویش ڕازی بوونی میسرە بۆ چوونە ناو ئەو هاوپەیمانیەتیە سەربازییە، کە تەنیا یەک ئامانجی هەیە، ئەویش بەرپەچدانەوەی گەشەی سەربازی و جموجۆڵەکانی ئێرانە، کە ئێستا بەهۆی جۆلاّندنی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا و کاردانەوەکانی ئێران، دۆخی کەنداو ڕووی لەترسناکی کردووە. میسرییەکان لە کاروباری سیاسیدا زۆر زیرەکن وا بەئاسانی ناکەونە ناو سیناریۆکانی ئەمریکا، لەهەمان کاتدا ناتوانن لە گرژیی سەربازیی و سیاسییەکانی ناوچەکە بەجێ بهێڵن. ئەوەی ئەمجارە زۆر جیاواز دەبێ لەپێشوو، مەبەستمان جەنگی کەنداوی دوو و سێیە. ژێیەکانی جەنگی کەنداوی چوارەم لەجۆلانەوەدان. هێشتا میسر خۆی بەدیارنەخستووە، هەرچەندە سەرۆکی میسر چەندین جار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئاسایشی کەندار ئاسایشی میسرە. سەرکردە سیاسییەکانی میسر لە ململانێییە هەرێمایەتییەکاندا بەرژەوەندی میسر لەسەرو هەموو شتێک دادەنێن، ئێستا دۆخەکە زۆر جیاوازە، کات زۆر بەخێرایی تێدەپەڕێ. ئەو بڕیارانەی لەناوەندەکانی ئەمریکا دەدرێن، بەتایبەتی زیادکردنی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران و گەشتە دبلۆماسییەکان و جۆلاندنەوەی کەشتی جەنگی، ناکرێ تەنیا وەکو پڕۆپاگاندەی هەلبژاردنەوەی ترامپ تەماشا بکرێ. پرسیارەکە لێرە ئەمەیە، ئایا سیسی لەسەردانەکەی بۆ ئەمریکا داوای کردووە ئیخوانەکان بخرێنە لیستی تیرۆر؟ یان بەجۆرێکی دیکە، وای لەترامپ کردووە، ئەوها بیربکاتەوە؟ ڕەنگە هەردووکیان ڕاست بێ. ئەگەری ئەوە هەیە، ئەوەی یەکەم پەیوەندی بە داوایەکەی ترامپەوە هەبێ بۆ چوونە ناو ناتۆی عەرەبی، ئەمەش بێ گومان بەبێ کۆمەلێک مەرجی میسری ناگوزەرێ، لەپێشی هەموو ئەوانەش چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر و دۆخی ئابووری میسرە. ئەوەی دووەمیش ڕەنگە ڕاست بێ، چونکە دوای ئەوەی ترامپ لەگەڵ بەرپرسان و ڕاوێژکاران تاوتوێ بابەتەکەی کرد، ئاڕەزاییەکانی پێنتاگۆن لەسەر ئەو بابەتە بەدیارکەوتن. بەبۆچوونی پێنتاگۆن، ئەگەر ئیخوانەکان بخرێنە لیستی تیرۆر ئەوە پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکا بەرەو ئالۆزبوون دەڕوا. میسر درکی بەو ناکۆکییەی ناو ئیدارەی ئەمریکا کردووە، وادیارە هەر لەبەر ئەو هۆیە بووە، بەشداری لەکۆبوونەوەی ریاز نەکرد بۆ تاوتوێکردنی پەیمانەمەی ناتۆی عەرەبی. ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە بەشداری نەکردنی شاندی میسری ئاماژە بۆسێ هۆکار دەکەن، یەکەم: نەبوونی ڕوونیی لە پلانی سەرەتایی، دووەم: زیادبوونی گرژی لەگەڵ ئێران، سێیەم: سوپای میسر ئامادەنییە ببێتە کرێگرتەی وڵاتان. ئەو کاردانەوە بە دواین گوزر بۆ دەستپێشخەری ئەمریکا پێناسەکرا. هەروەها بەجۆرێکی دیکەش سەرنەگرتنی دیداری ریاز بۆ پێکهێنانی ناتۆی عەرەبی پێناسەکراوە، گوایە، دەستپێشخەرییەکە داوایەکی کەسیی ترامپە واتە بەشێک نییە لە سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکی، من ئەو لێکدانەوە زۆر بەدوور دەزانم.

ئەمەش دەگوترێ: لایەنەکانی دیکە، جگە لە سعودیە، ئەوەندە حەماسیان بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکە نییە. وەکو تەماشای جۆلاّنەوەی دبلۆماسیی و سەربازیی دەکەین لە کەنداو، پێشبینی ڕووداوی زۆر گەورە دەکرێ. کردەوەی تێکدەرانە لە دژی چوار کەشتییە بازرگانییەکە لەئیمارات، ئێران تۆمەتبار نەکراوە، بەلاّم ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی و ئەمریکی ئاماژە بۆ ئێران دەکەن لە سیاسەتی بەکارهێنانی بریکارەکان لەناوچەکەدا. بەبۆچوونی من، واپێناچێ بەئاسانی بەدیاربکەوێ ئەو کردەوانە کێی لەپشتەوە بووە، بەدووریشی نازانم ئەوان سەد دەر سەد بزان کێ بووەو چۆن ئەنجام دراوە، بەلاّم جارێ پێویستیان بە ئاشکراکردنەکە نەبێ. لە سیاستەتدا پێشخستنی کاتی کاردانەوە گونجاو نییە.

لەئەگەری جەنگە مەزنەکانی جیهان، سەرەتا بەدۆخێکی نائاسایی و تەمومژییی سیاسی بەڕێوەدەچی. لە سەردانەکەی سیسی بۆ واشنتۆن ئامانجێکی نهێنی بەدی دەکرێ، هەر بۆیە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە پرسی کشانەوەی میسر لە ناتۆی عەرەبی ڕایگەیاند، کە ئەوان جارێ لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان. بۆچوونێکیش هەیە ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی هەواڵگریی نهێنی دەکا، گوایە میسر مەرجی خۆی هەیە بۆ بەشداریکردن لەهاوپەیمانەتی ناتۆی عەرەبی، ڕەنگە ئەمە زۆر ڕاست بێ بەلاّم کەی ئەوە بەدیاردەکەوێ، پێشی ڕووداوەکان یان لەگەڵ ڕووداوەکان؟ ئەگەر پێشی ڕووداوەکان بێ مانای وایە، مەرجەکانی میسر بەدی هاتوون، ئەگەر لەکاتی ڕووداوەکان بێ مانای وایە، میسر ناچار بووە بچێتە ئەو جەنگەی، ئەگەر ڕوویدا، ئەوەی بەجێ هێنێ زیانی زۆری بەردەکەوێ، کەسیش ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات، چۆن کۆتایی دێ. کەواتە نەجارێ ئیخوان موسلمین دەچێتە لیستی تیرۆر و نە سوپای میسریش دەچێتە هاوپەیمانی سەربازیی ناسراو بەناتۆی عەرەبی، هەردوو دۆسیەکەش ڕۆژانە لاپەڕەکانی هەلّدەدرێنەوە، ئینجا دەگەینە ئەم پرسیارە، ئایا پێشی جەنگەکە دەگەینە کۆتایی لاپەڕەکان یان لەکاتی جەنگەکە.

تێبینی سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.
پێگەی: RT 11-4، دونیا الوطن 12- 4، رویترز 11/4، جریدە شرق الاوسط 14/4

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1830:
جەزائیر کەوتە ژێر دەسەلاّتی فەرەنسا .

سالی 1918:
کۆنگرێسی ئەمەریکا بڕیارێکی دەرکرد تیایدا بڕیاری دەستگیرکردنی هەموو ئەوانەی دا کە ڕەخنە ئارستەی حکوومەت دەکەن .



سالی 1974:
ڕیچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا بە سەردانێک گەیشتە سووریا ، نیکسۆن بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا کە سەردانی ئەم وڵاتە بکات .



سالی 1977:
لیونید بریژنێڤ بوو بە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت .



سالی 2016:
هلن جوان کوکسی پەرلەمانتار و ئەندامی پارتی کرێکارانی بەریتانیا لەسەر دەستی کەسێکی تووندڕەو تیرۆر کرا .



سالی 2018:
لە یانەیەکی شەوانەی شاری کاراکاسی پایتەختی ڤەنزوێلا شەڕ لە نێوان ژمارەیەک کەس ڕوویدا و لە ئەنجامدا 17 کەس کوژران .

www.xebat.net
یەک شەممە2019/6/16 ژمارە (5768)

دروستبوونی دەوڵەت.. توخم و بنچینە سەرەکیەکان





ڕێباز نەجات شێخ لاچ

هەر گەلێکیش خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لە ڕووی (زمان و ئایین و کلتوور و دابونەریت هتد...)، هەموو مرۆڤێک خاوەن گەل و نەتەوەیەکە مافی تایبەت بەخۆی هەیە. گەلیش یەکێکە لە کولەگە هەرە سەرەکیەکانی دروستبوونی دەوڵەت. گەلیش بە پێی ژمارەی دانیشتوان گۆڕانی بەسەر دادێ گەل هەیە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە گەلیش هەیە بەپێچەوانەوە. بەڵام هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی ژمارەیەکی دیاریکراویان دیاری نەکردووە بۆ دروستبوونی دەوڵەت. بەپێی بیروبۆچوونی پلاتۆ (Plato) ژمارەی داواکراو دەبێت بڕێتی بێت لە 40-50بەڵام بەپێی بیروبۆچوونی ئەرستۆ (Aristotle)ئەو ژمارەیە نابێت نەهێنده زۆر نە هێندە کەم بێت. واتە زۆربەی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوان مام ناوەندبێت. لێرە بۆمان دیار دەکەوێ کە یاسای نێودەوڵەتی ژمارەیەکی دیاریکراویان دیاری نەکردووە. بۆ نموونە دەوڵەتی (لێ لی پوتی) کە دەوڵەتی زۆر بچووکن. هەروەها دەوڵەتیشمان هەیە کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرن کە بە دەوڵەتی زلهێزەکان ناسراون وەک (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). سەبارەت بە کەم و زۆری ژمارەی دانیشتوان زیان و سوودی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە: ئەو دەوڵەتانەی ژمارەی دانیشتوانی زۆرە لە ڕووی سەربازیەوە زۆر بەهێزن بەڵام یەکێک لە زیانەکانی لەوانەیە نەتوانن لە ڕووی ئابوورییەوە سەقامگیربن. هەروەها بە پێچەوانەوە ژمارەی دانیشتوان کەم بێت لەڕووی کەسایەتی و مەعنەویەوە دەوڵەتی لاوازن گەلیش دەکرێت چەند نەتەوەیەک لەخۆ بگرێت هەروەکو هەندێ وڵاتانی جیهان بە ڕوونی دەبینین. وەک وڵاتانی (تورکیا - ئێران - عێراق - ڕوسیا - چین) بەڵام لێرەدا دەبێت ئەم دەوڵەتە بەپێی مافی مرۆڤ یاساکان جێبەجێ بکرێ نەک لەبەرچاوگرتنی نەتەوەیی. وە هەر ئەندامێک لە هەرنەتەوەیەک مافی خۆیەتی سوودمەند بێت لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

هەروەها هەرتاکێکیش مافی خۆیەتی سەربە چ نەتەوەیەک یاخود گەلێک بێت. چونکە لەوانە بەبێ ویستی خۆی ببێتە خاوەن گەلێک یاخود نەتەوەیەک.

هەروەکو بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1948لە بەندی (15) بەجێ داهاتوو دەڵێت (هەرتاکێک بۆی هەیە کە هەڵگری هەر ڕەگەز نامەیەک بێت).

هەروەها لە ڕووی یاساییەوە باس بکەی دەکرێت فراوان بێت یاخود تەسک بێت فراوان مەبەست لێی هەموو ئەو گەلە دەگرێتەوە کە لەناو دەوڵەتەکەن. دەچێن و ئیقامەیان هەیە.

بەڵام لایەنی تەسکەکە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە خاوەنی گەل و دانیشتوانی وڵات دەگرێتەوە بەڵام دانیشتوانی وڵاتێکی تر لە دەرەوە دەگرێتەوە.

هەرێم- هەرگەلێک دەبێت هەرێمێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەبێت. مەبەست لە هەرێم و شوێنێکی دیاریکراو کە دانیشتوانەکە لەسەری نیشتەجێبن. جا ئەم هەرێمەش هەروەکو گەل هیچ یاسایەک ئەمەی دیاری نەکردووە کە قەبارەی بچووک بێ یاخود گەورە بێت. بۆ نموونە: وڵاتی سان ما رینو (San Marino) کە بە وڵاتی هەرە بچووک لەڕووی قەبارەوە دادەنرێ. هەر دەوڵەتێکیش پێویستی بە هەرێمێکە بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی تیا بەسەربەرن و مامەڵەسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هتد... تیا بکات هەریەکە لە وڵاتانی قەبارە گەورە (ڕووسیا- ئەمریکا - چین) هەرێمیش چەندین خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

جێگیری: بەواتای کە دەبێت گەلەکە لەناو ئەم هەرێمە بە شێوازێکی بەردەوام جێگیربکرێن واتە نەک وەک کۆچکەری لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر.

سنوور: دەبێت هەرێم سنووریکی دیاریکراو و تایبەت بەخۆی هەبێت جا دەکرێت سنووری ئەندازیاری و دەستکردبێت.

مەشروعیەت: مەبەست لە مەشروعیەت واتە خاکی خۆی بێت نەک دەست بەسەر داگیرابێت جا بەهۆی لەناو پێشچوونی دەوڵەتی پێشو بێت یاخود دەست بەسەر داگرتن لەلایەن وڵاتێکی تر یاخود وڵاتی خۆی.

حکوومەت: یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دروستبوونی دەوڵەت.

کاتێک کەتۆ گەلێک هەبێت لەسەر هەرێمێک نیشتەجێ دەبێت حکوومەتێش هەبێت بۆ ڕێکخستن کاروبارەکانی لەلایەن سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هتد.. هەروەها ئەم حکوومەتەش دەبێت حکوومەتێکی ڕێکەر بێت واتە دەسەڵاتی بەسەر هەموو گەل و داموەزگاکاندا بڕوات و بتوانێت کۆنترۆڵی بکات، حکوومەتیش دەبێت ئۆرگانی ئاسایی لەخۆ بگرێت. (دەسەڵاتی یاسادانان - دەسەڵاتی جێبەجێکردن- دەسەڵاتی دادوەری).

دەسەڵاتی یاسادانان: کار دەکات بۆ دەرکردنی یاسا گشتیەکان لە ژێر بەرژەوەندی گشتی.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن: هەڵدەستێت بەناچارکردن و جێبەجێکردن ئەم یاسایانە.

دەسەڵاتی دادوەری: کاری چاکردنی کێشەکانی بە گشتی بەپێی یاسای دادوەری.

کاتێک حکوومەت توانی ئەم ئۆرگانانە بەسەرکەوتووی جێبەجێ بکات دەتوانێ حکوومەتێکی کاریگەربێت. حکوومەتیش دەکرێت پاشایی بێت یان دیموکراتی یان دیکتاتۆری، بەبێ بوونی حکوومەت دەوڵەتیش بونی نابێت.

دەوڵەتیش دەکرێت - پاشایی بێت یاخود کۆماری- دیموکراسی یاخود دیکتاتۆری - پەڕلەمانی بێت یاخود سەرۆکایەتی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر کاروباری ناوخۆیی وڵات کە ڕیفۆرمێکی دیاریکراو لە هەڵسوڕاندنی کاروباری سیاسی و یاسایی وڵات، بۆیە دەبێت حکوومەت دەسەڵاتێکی باڵای هەبێت چونکە دەوڵەت لە بنکەی ئەو حکومەتە پیادەی دەوڵەت بوونی خۆی دەکات،

-4سەروەری: ئەمەش یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە بە ڕەگەزێکی گرینگی دەوڵەت دەژمێردرێت وشەی سەروەری بە مانای زاڵ و کۆتایی دەسەڵاتە واتە هیچ دەسەڵاتێک لەسەرەوەی ئەم نیە. ئەم وشەیەش بۆ یەکەم جار لەلایەن (ژان بودان) یاساناسی فەرەنسی لە فەرەنسا هاتە ناو یاساناسیەوە لە یاسای نێودەوڵەتیش سودی لێدەگیرا. واتە هەردەوڵەتێک کە لە پاڵ هەرسێ ڕەگەز (گەل - هەرێم و حکومەت) پێویستی بەسەروەریەک هەیە کە کەواتە دەوڵەتیش بۆ ئەوەی بوونی هەبێت دەبێت سەروەرێکی هەبێت، سەروەریش دوو شێوەی هەیە:

سەروەری ناوخۆ: واتە کە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و ئەنجومەنەکان هەیە.

سەروەری دەرەکی واتە دەوڵەت سەربەخۆیە و ئازادە لە کۆنترۆلی یاسای و دەرەکی. بۆ نمونە: هندێک دەوڵەت هەن پێش ئەوەی سەربەخۆی دەوڵەت نەبون وەک دەوڵەتی هندستان لەپێش ئەوەی سەربەخۆیی لەلایەن فەرمانی بەریتانیاوە بەڕێوەدەبرد هەروەها سەروەریش دەبێت خاسیەتس تایبەت بەخۆی هەبێت واتە سەروەر دەبێت دەسەڵاتی گشتی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکات.

دەبێت سەروەری بە شێوازێک بە دەوڵەتەوە لکابێت و واتە نەمانی دەوڵەت سەروەریش لەناودەچێت.

دەبێت دەسەڵاتەکەی دابەش ناکرێت یەکپارچەیی خۆی دەپارێزێ.

قابیلی دەست لێ هەڵگرتن نیە تەسەروفی تێدا بکرێت یاخود بفرۆشرێت چونکە دەبێتە هۆی مەترسی لەناوچوونی دەوڵەت.

دانپێدان: دەوڵەت بە هەبوونی ئەم ڕەگەزانە (گەل - هەرێم- حکومەت - سەروەری) مانای ئەوەنیە کە دەوڵەت یاخود سەربەخۆیە چونکە دەبینین کە زۆر دەوڵەت ئەم سیفەتانەیان هەیە بەڵام نەیانتوانیوە سەربەخۆبن. بۆیە پێویستە دەوڵەت لەلایەن دەوڵەتانەوە دانی پێدا بنرێت جا مەرج نیە چەند دەوڵەتبن چونکە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی دیاری نەکراوە کە دەبێت چەندبن بەڵام زۆربەی دەبێت دەوڵەتی دراوسێ یاخود دەوڵەتی زلهێزەکان.

یاساناسی (بەناوبانگ ئوپینهایم (Oppenheim)دەڵێت دەوڵەت دەبێتە کەسێک لە کەسەکانی نێودەوڵەتی تەنها بەبوونی دانپێدانان لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە بۆ نموونە: چین 1945ئەو وڵاتە کەوتە ژێر یاسای کۆمۆنیست لە ساڵی 1949دا دەوڵەتی چین کۆمۆنیست لەبەر جەنگی سارد لەگەڵ ئەمریکا دانیان پێنەنا زۆربەی وڵاتان لەبەر دژایەتی کردنی ئەمریکا تا لە ساڵی 1970 چین ڕەوایەتی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت ئینجا توانی ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروەها زۆربەی زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە لایەنی سیاسی یە کۆڵەگەی سەرەکی دروست بوونی دەوڵەت دادەنرێ واتە گرینگترە لە لایەنی یاسایی کە لە ئێستادا بوونی نەماوە هەبوونە کە بە لایەنی یاسایی دروست بوونە وەک لیبیا بەڵام لە ئێستا دا ڕۆڵی سیاسی گرینگترین ڕۆڵە لە دروست بوونی سیاسی.

بۆیە گەلی کوردستان خاوەن گەلی تایبەت بەخۆیەتی کە نەتەوەی کورد وە ژمارەی دانیشتوانی لە زۆر دەوڵەتان زیاترەو خاوەنی نەتەوە و کلتوورو دابونەریت و یاسای تایبەت بەخۆیەتی هەموو گەلەکەی بە یەک زمان دەدوێ خاوەن یەک ئامانجن کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردیە و هەروەها خاوەنی هەرێمێکی دیاریکراون کە قەبارەیەکی گونجاوی هەیە و جێگیرە و سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە و خاکی خۆیەتی لەڕووی حوکمڕانیش حکومەتێکی تایبەت بەخۆی هەیەو هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)هەیە توانیویەتی حکوومەتێکی کاریگەر بێت و خاوەن دەستوری تایبەتی خۆی بێت.

سەرەڕای ئەمەش خاوەنی سەروەری تایبەت بەخۆیەتی کە (مەسعود مەلا مستەفا بارزانی) کە توانیویەتی دەسەڵاتەکەی فراوان بکات پەیوەندی دیبلۆماسی دروست بکات و لە زۆربەی وڵاتان مامەڵەی سەرۆکی وڵاتیان لەگەڵ کردووە بانگهێشتی وڵاتەکانیان کردوە و فەرشی سووریان بۆ ڕاخستوە.

مانشێت



سکای نیوز:
ئیدارەی حکوومەتی ئەمەریکا رایگەیاند کە بەڵگەی لەبەردەست دایە سەبارەت بە تێوەگلانی ئێران لەو هێرشانەی کرایە سەر دوو کەشتیە نەوتهەڵگرەکە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆریس جۆنسن ،ژمارەیەک لە کاندیدانی سەر بە پارتی پارێزگارانی بەریتانیا بەنیازی پێکهێنانی هاوپەیمانیەکن .



فرانس 24:
کۆمسیۆنی ئەوروپا لە ڕاپۆرتێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردندا ڕووسیا ڕۆڵی بینیوە لە هاندانی خەڵک لەوەی ڕوو نەکەنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.



ئەی ئێف پی:
پەکێن داوای لە واشنتۆن کرد چیتر دەست لە کاروباری هۆنگ کۆنگ وەرنەدات .



کەنالی ئار تی :
ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا رایگەیاند لە کێشەی نێوان تورکیا و قوبرسدا ئەو پشتگیری لایەنی دووەم دەکات .



> **زۆربەی زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوان مام ناوەندبێت. لێرە بۆمان دیار دەکەوێ کە یاسای نێودەوڵەتی ژمارەیەکی دیاریکراویان دیاری نەکردووە.**

فۆلکلۆری کەرکووک لە تەنووری قوڕیندایە

تا ئێستاش پیشەیەکی فۆلکلۆری نەتەوەیی لە کەرکووک دایە لە دروستکردنی تەنووری بە قوڕی سوور





ئاشتی گەرمیانی

کەرکووک شارێکی کۆن و شوێنەواری چەندین سەدەیە لەئەمرۆی هاوچەرخیدا و شارێکە خاوەن چەندین شوێنەواری دیالێکت و کەلتووری و فۆلکۆری جیاجیایە و شوێنەوارێکی جوان ماوەتەوە بۆ ئەم سەردەمە ، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لەو بابەتە فۆلکۆریانە فەوتاون و سڕاوەتەوە ، بێگومان ئەمەش کارو کاردانەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوە ، بەرپابوونی شەری وێران کاری و ناوخۆی و پەرە پێنەدان لەلایەن دەسەلاتە جیاجیاکانەوە بۆیە وای کردوە کە هیچ کەلتووریک لە جێگای خۆی وەکو خۆی نەمێنێتەوە.

لایەکی تر ئەوەیە کە زۆر لە کەلتوور فۆلکۆری شاری کەرکووک بەدەستی نەیارەکانی دزراون وە بەر شالاوی تالانی کەوتووە ، ئیدی ئەمانە بوون بەو هۆیەی کە زۆر شتی کۆن و بەنرخ لە جێگای خۆی نەماوە ، ئەمەش نەک تەنها لە شاری کەرکووک بەڵکو لەهەموو جیهاندا کە وولاتێک شەرو وێران کاری تیادا هەبێت ڕەنگ دانەوەی بەو شێوەیە دەبێت.

دیارەی دروست کردنی تەنوور شتێکی جوانە و سەرەتاییە من ئەم کارەم لە کیشوەری ئەوروپا تەنها لە گوندەکانی ئەلبانیا و بولغاریا و سربیا بینیوە چونکە ئەو وولاتانە بەهۆی هەژارییەوە لەچەند گوندو ناوچەیەک ئە دیاردەیە وەکو تەنوور یان کەرەستەی تریش وەکو خۆی ماوەتەوە ، لەکەرکووکیش بەرێکەوتێک لە گەرەکی بەرتەکێ و شۆرجە نزیکی گەراجی سلێمانی و هەولێر ئەم وەستایەم بینی کە سەرقاڵی دروست کردنی تەنوورە و بە چەند قۆناغێک دروستی دەکات ، بۆ بژێوی خۆیان نەک وەکو ڕێز گرتن لە کەلتوری وولاتێک..؟


چونکە ڕۆشنبیریەت یەشتان نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەیی کە ئێمە وەکو خەڵک بە بێ بەرانبەر پارێزگاری لە دەست کەوتەکانی فۆلکلۆرو کەلتووری میللەتەکەمان بکەین ، و خەڵکیش سوود لەو پیشەیە وەر دەگرێت کە خەڵک ڕا هاتووە لە دروستکردنی نان بە دەستی خۆی ، واتە یەشتان کاتی ئەوەی هەیە کە نان دروست بکات ، بەڵکام لە شارە هاوچەرخەکاندا مرۆ ئەو کاتەی نی یە بۆ دروست کردنی تەنوورو نان دروست کردن بەتەنوور ،، تەنها لە حاڵەتێکدایە ئەویش بۆ کار واتە پارە پەیدا کردن لەوانەیە دروستی بکەن واتە بۆ پارە پەیدا کردن ، نەک بۆ پاراستنی فۆلکۆری.

ئێمە لە وولاتی عێراق و لەهەرێمی کوردستان بەراستی شتێکمان نی یە کە پارێزگاری لە فۆلکلۆرو کەلتووری وولات بکات ئەگەر هەبێت کارتۆنی یەک نەک ئەکتیڤی بۆ پاراستن و دەوڵەمەند کردنی و گیرانی ڤیستڤاڵ و کۆنگرەو کۆبونەوە و ناساندنی بە جیهان .

لەوانەشە ئەم کارە دروست کردنی تەنوور تەنها لەکەرکووک نەبێت بەڵکو لە هەولیرو لە دیالە و لە بەغدا و کوت وبەسراش هەبێت .لە ئیران و ئەفغانستان وتا پاکستان هەبێت.. بۆ خۆی کارێکی ڕۆژهەلاتی و جیهانی یە ، بەڵام مانەوەی تا ئەم سەردەمە دیاردەیەکی جوانە و پێم وایە دەبێت پەرەی پێ بدرێت.

جارەکا دی بەدەل ڕەقۆ دێ بیتە نامەکا دکتۆرایێ


شانیار شێخەسنی



چەندین جارە ئەدەبێ بەدەل ڕەقۆ هەلبەستڤان و گەرۆکڤانێ بەلاڤکەرێ ئەدەبێ کوردی دبیتە مژارا قوتابیێن زانکۆیێ ?لێ ئەڤ جارە بوو نامەیا دکتۆرایێ ل زانکۆیا ئەلقادسیە ل دیوانیە ، بەدەل ڕەقۆی بۆ مە گۆت کو خودیا ڤێ ڤەکۆلینێ ب ناڤێ زەینەب ساتع داخوازا دو ژێدەرێن وی کریە کو پرتووکێن (العالم بعیون کوردیە) و (أطفال الهند علمونی)، چونکو ب دەست وێ نەکەفتینە، دێ مەرەمێن وی بێن بەلاڤەکرنا خۆشیبرنێ ب ئەدەب و دابونەریتێن مللەتان ئێخیتە روو و لێکگوهارتنا ڕەوشەنبیریان د ناڤبەرا وەلاتان دا، ب ئاماژەپێدانا ڕەوشەنبیریا کوردی و یا عیراقێ ب گشتی، گۆتژ

دێ ئەڤ نامە پشتی مەهەکا دی ڕۆناهیێ بینیت بۆ سەرۆکاتیا زانکۆیێ و دانوستاندنا وێ نامێ ل گەل هاتنا سالا نوو یا خواندنێ هێتەکرن. زەینەب ساتع دێژیت کو ئەو باوەرە کو هەمجۆری د نڤیسینێ دا و ڕێزکرنا ژێدەران تشتەکێ کاریگەرە و هەردو گەشتین بەدەل ڕەقۆی ژدل بوون و تێکۆشانەکا مەزن تێدا دیارە کو دیاربیت ئەدەبێ کوردی ب ڤی ئاستێ بەرز و ژێهاتی یە و ئەو هیڤخوازە کو پرتووکێن بەدەل ل ژێریا عیراقێ ژی بەربەلاڤ بن.

قێرژنێکی نوێی ڤایبەر بلاوکرایەوە



لە قێرژنێکی نوێی پڕۆگرامی تۆڕی پەیوەندی "ڤایبەر"دا، لەسەر هەردوو سیستەمی (IOS) و ئەندرۆید چەند تایبەتمەندییەکی نوێ زیاد کراوە.

شایەنی باسە ماوەیەکە نوێترین قێرژنی ڤایبەر بە ژمارەی (9.9.6.8) کارا کراوە، کە تێبیدا چەند تایبەتمەندییەکی نوێ زیاد کراوە. لەو قێرژنە نوێیەدا گرنگترین تایبەتمەندی ئەوەیە ، لەمەودوا دەتوانی کاتێک گوێ لە نامە دەنگییەکانی نێو ڤایبەرەکەت دەگریت، دەنگەکە بەریتە پێش و پاش.

جێبی ئاماژەپێدانە هەر لەو قێرژنە نوێیەی ڤایبەردا ئەگەر بۆ ماوەی چەند چرکەیەک پەنجەت لەسەر لاپەڕەی گفتوگۆی خۆت و هاوڕێکەت دابگریت، لاپەڕەی گفتوگۆکە دەبێتە نەخوێندراوەتەوە (Unread). بۆ بەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندییە نوێیانەی ڤایبەر، پێویستە قێرژنی (9.9.6.8)ی ڤایبەر بۆ مۆبایلەکەت دابەزێنیت، یان پڕۆگرامەکە لەنێو مۆبایلەکەتدا نوێ (Update) بکەیتەوە. پڕۆگرامی ڤایبەر لە ساڵی (2010) دا کارا کراوە، ئێستاش بەکارهێنەرێکی زۆری لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، هەروەها بە یەکێک لە باشترین پڕۆگرامەکانی تۆڕی پەیوەندی دادەنرێت.



تۆی کەروز چارەسەری چەندین نەخۆشی دەکات

توانا زرار

تۆی کەروز، چارەسەرێکی باشە بۆ دابەزاندن و کۆنترۆلکردنی فشاری بەرزی خوێن .هەروەها دەبێتە هۆی چارەسەرێکی یەکجاری گەر بەردەوام بخوریێ .ئەگەر بەردەوام بی لە خواردنی، ڕێژەی شەکرە لە خوێن بە ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاوکەم دەکات و دەبێتە هۆی چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشییە.جگە لەوەش چەندین سوودی دیکەی گرنگ هەیە وەک چارەسەری نەخۆشیی گورچیلە و لە کەمترین ماوەدا بەخواردنی ئیلتیهاب و بەرد و ڕمڵ و ئازار و سستی گورچیلە و میزدڵدان دەپارێزێت و چارەسەر دەبێت.هەروەها دابینکردنی زۆربەی ڤیتامینەکانی لەش بە تایبەت ڤیتامین دی و ئاسن.هەروەها ئیلتیهابی گشتی لەش ناهێڵێت.چارەسەریشە بۆ سەر ئێشە و کەم خوێنی.هەروەها چارەسەری زەردووی و چەوری سەر جگەر دەکات و بۆچارەسەری ئازاری سوڕی مانگانەش باشە.هەروەها چارەسەری و ترشەڵۆکی گەدەدە دەکات.بۆ چارەسەری قۆڵۆن و قەبزی بەسوودە و بۆ لەناو بردنی هەندێک خانەی شێرپەنجە سوود بەخشە. بەتایبەت پرۆستات و شێرپەنجەی مەمک.هەروەها بۆ چارەسەری چەوری خوێن و ئیلتیهابی خوێن باشە .دابەزاندنی کێش و ورگ و چەوری زیادەدە ناهێڵێت.هەروەها تەواوکەری خۆراکی باشە بۆ وەرزشکاران وچارەسەری کەم خوێنی.لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری منداڵ نەبوون و لاوازی جنسی کاریگەری هەیە.لەگەڵ ئەوەش چارەسەری ئازاری ماسولکەکان دەکات.سەبارەت بەچۆنیەتی ئامادەکردنیشی دەبێت کەوچکێکی چێشت لە تۆی کەروز بکەیتە ناو پەرداخێک ئاوی گەرم و ڕۆژانە دوو جار بخوریتەوە.



هەیفا وەهبی لەنەخۆشخانە کەوتووە

گۆرانیبێژی شۆخی لوبنانی هەیفا وەهبی، بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە وەک چۆن لە گۆڤاری هونەری سەیدەتی بلاوکراوتەوە، ئێستا لەسەر جێگە کەوتوەو نەخۆش بووە، هۆکاری نەخۆشیەکەشی ماندوو بوونی زۆریەتی بەکاری هونەرییەوە، چونکە لەیەککاتدا جگە لە کلیپی هونەری، ژمارەیەک پڕۆژەی دراماشی لەبەر دەست بووە، هەیفا وەهبی دەربارەی کارە نوێیەکانی خۆی جەختی کردەوە کە لەگەڵ دابەزینی ئەو کارە هونەریانەی هەموو سوشیال میدیا بۆ خۆی کۆنترۆڵ دەکات. بۆیە لەنەخۆشخانەوە بەهەواداراني گوت هەموتانم خۆشدەوێ نامەوێ دابڕێم.

چەند ڕێنماییەکی گرنگ بۆ پاراستنی داتا تایبەتەکان

هەندێک کەس ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک دەبنەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، کە هەندێ لەو کێشانە پەیوەستن بە پاراستنی داتای تایبەت.

لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی "عوکاز"ی سعودی، چەند خاڵێکی گرنگی بلاوکردەوە بۆ پەیڕەوکردنیان لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی پارێزراو ، ئاماژەشی بەوەکرد، ڕەنگە ئەم ئامۆژگاریانە بەشێوەیەکی زۆر باش کارابن لە پاراستنی داتا تایبەتەکان.

یەکەم : دیاریکردنی ئەو داتایانەی کە دەمانەوێ بەشداری پێ بکەین لەگەڵ ئەپلیکەیشنەکان و پاپەندبوون پێیان.

دووەم : نابێ بچینە ژێر باری هیچ بابەتێک کە لەکاتی گەڕان بەنێو ئینتەرنێتدا دەخرێنەڕوو.

سێیەم : بەکارنەهێنانی یەک پاسۆورد بۆ هەموو هەژمارە (ئەکاونتە) کاراکان.

چوارەم : بەکارهێنانی سیستەمی پەسەندکردنی دووانەیی بۆ چوونە نێو هەژمارەکان، واتە دەبێ پاسۆردێک و کۆدێکی تایبەتت هەبێ لەسەر مۆبایلەکەت بۆ چوونە نێو هەژمارەکانت.

پێنجەم : سڕینەوەی ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە بەکاری ناهێنیت و لەکاتی پێویست دایانبەزێنەوە.

شەشەم : نوێکردنەوەی بەرنامەی کۆمپیوتەرو مۆبایلە زیرەکەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.

پاڵەوانێتی کۆپا ئەمریکا بە ژمارە



بەرە بەیانی دوێنێ شەمە، یارییەکانی پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا 2019، کە وەشانی ژمارە 46 ،لە ولاتی بەرازیل دەستی پێ کرد، جاری پێنجەمە بەرازیل میواندارییەتی ئەو پاڵەوانیەتییە دەکات، هەڵبژاردەی سامبا هەر چوار جاری پێشوو، نازناوەکەی بەدەستهێناوە، کە خۆی میواندارییەتی کردووە.

* ژمارەی هەڵبژاردە بەشداربووەکان 12 هەڵبژاردە یە، 10ولاتی کیشوەرەکە، لەگەڵ دوو میوان، قەتەرِ و ژاپۆن.

* یارییەکان لە 5شار بەڕێوە دەچن کە ئەمانەن: سلڤادۆر، بیلۆ هۆریزۆنتی، ریۆدی جانیرۆ، ساوپاولۆ، پۆرتۆ ئەلیگری.

* هەڵبژاردەکان دابەش کراونەتە سەر سێ کۆمەڵە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم: بەرازیل، بۆلیڤیا، پیرۆ، ڤەنزوێلا

دووەم: ئەرژەنتین، کۆلۆمبیا، پاراگوای، قەتەرِ

سێیەم: چیلی، ئیکوادۆر، ئۆرۆگوای، ژاپۆن

یەکەم ودووەمی هەر سێ کۆمەڵە، راستەوخۆ بۆ قۆناغی داهاتوو سەردەکەون، لەگەڵ باشترین دوو سێیەم، بەمەش کۆی هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان دەبێتە 8هەڵبژاردە. یەکلاییکردنەوەش لە ریگەی خاڵ، جیاوازی گۆڵ، گۆڵی تۆمارکراو، رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی دەبێت.

لۆگۆی پاڵەوانیەتییەکە (کاپیبارا) یان بەرازی ئاوە، کە ناوی (زیزیتۆ)یە، هۆکارەکەشی بۆ ریزگرتن لە یاریزانی بەرازیلی (زیزینیۆ) دەگەڕێتەوە، کە بە تۆمارکردنی 17گۆڵ، بە هاوبەشی لەگەڵ یاریزانی ئەرجەنتینی، نۆربرتۆ مینديز، زۆرترین گۆڵیان لەو پاڵەوانیەتییەدا تۆمار کردووە.

×تەنیا 4یاریزان لە میژووی کۆپا ئەمریکادا، توانیویانە لەیەک یاریيدا 5 گۆڵ تۆمار بکەن، ئەوانیش ئەمانەن: هیکتۆر سکارۆنی (ئۆرۆگوای) لە ساڵی 1926.مارفیزی (ئەرجەنتین) لە ساڵی 1941.خوسێ مۆریتۆ (ئەرژەنتین) لە ساڵی 1942.ئیڤاریستۆ (بەرازیل) لە ساڵی 1957.

*پاڵەوانانی کۆپا ئەمریکا:

ئۆرۆگوای (15جار)، ئەرژەنتین (14 جار)، بەرازیل (8جار)، چیلی، پاراگوای و پیرۆ (2جار)، کۆلۆمبیا و بۆلیڤیا (1 جار).

حەوت هەڵبژاردانەی زۆرترین جار گەیشتوونەتە یاری کۆتایی:

ئەرجەنتین (28جار)، ئۆرۆگوای (21 جار)، بەرازیل (19جار)، پاراگوای (8 جار)، چیلی (6جار)، پیرۆ، کۆلۆمبیا، بۆلیڤیا و مەکسیک (2جار).

ڕەمزی میرەکانی

ئاسۆ ڕۆستەم:
یاری کردن لەگەڵ هەولێر هەستێکی خۆشە



کارزان کانیی

یانەی هەولێر لەدوای دەست بەکاربوونی ستافی ڕاهێنەری نوێ بە سەرپەرشتی کاپتن ئەکرەم سەلمان ژمارەیەک یاریزانی خولی نایابی کوردستانی هێنایە ریزی یانەکە، یەکێک لەم یاریزانانەش ئاسۆ ڕۆستەمی یاریزانی یانەی نەورۆزە کە لە چەند یاری ڕابردووش توانیویەتی ئاستێکی باش پێشکەش بکات لەگەڵ یانەی هەولێر لە خولی نایابی عێراقی، لەبارەی یاری کردنی بۆ یانەی هەولێریش ئاسۆ ڕۆستەم بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هاتنم بۆ یانەی هەولێر بۆمن هەستێکی زۆر خۆشە بە تایبەت یاری کردن بە دربێسی تیپی قەڵاو مناره ، تاقی کردنەوە و ئەزموونێکی نوێیە، جگە لەوەش یارمەتیدانی یانەی هەولێر بەردو ئەنجامی باش، بەهیوای ئەوەم بتوانم لەم ماوەیە خزمەتێکی زۆری یانەی هەولێر بکەم، لەبارەی خۆ گونجانیش لەگەڵ یانەیەکی گەورە، ئاسۆ گوتی: دەتوانم خۆم ڕابهێنم لە یاری کردن لەگەڵ هەولێر ، بەڵام دەبێ یاریزانەکانی هاوڕێم هاوکاری باشم بکەن بۆ ئەوەی بگونجێم لەگەڵیان ئەوەی لە تواناشم بێت لە ماوەی یاری کردنم لەگەڵ یانەی هەولێر دەمەوێ زۆرترین دەستکەوت و باشترین ئاست پێشکەش بکەم، خولی عێراقیش خولێکی بەهێزە و یاریزانی پیشەگەری زۆر بەتوانایی تێدایە، لە یارییەکانی داهاتوو دەمەوێ باشتریش دەربکەوم، هەموو کات هەوڵدەدەم لەگەڵ یانەکەم باشترین ئاستمان هەبێت و هەولێریش لە لوتکەی یانەکان بێت.

لەخولی نایابی لاوانی کوردستاندا: هەولێر گۆڵبارانی زاخۆ دەکات و پێشەنگی قایمترکرد

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەرشیڤی هەولێری

ڕۆژی 14/6/2019لەسەرجەم یاریگاکانی کوردستان گەڕی یازدەمی خولی تۆپی پێی لاوانی نایابی کوردستان سەرکەوتوانە بەڕێوەچوو، لەیاریگای فرەنسۆ هەریری/ 2هەردوو تیپی لاوانی هەولێر و زاخۆ بەیەکگەشتن، لەئەنجامدا تیپی لاوانی هەولێر توانی بەئەنجامی 5-2گۆڵ لە زاخۆ بباتەوەو 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە بەشایستەیی دەستەبەرکرد، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لەلایەن یاریزانان کارزان سابیر،محممەد هاوار 3گۆڵ، محەمەد رزگار تۆمارکران، هەروەها دووگۆڵەکەی یانەی زاخۆش لەلایەن شیڤان جەمیل و حەمید حاجی تۆمار کران، بەمشێوەیە تیپی لاوانی هەولێر توانی گەورەترین سەرکەوتن لەئێو یاریگاو هاندەرانی خۆی بەسەر تیپی لاوانی زاخۆ تۆمار بکات ، لەلایەکی دیکەوە هەر لەئێو شاری سلێمانی هەردوو تیپی پێشمەرگەی سلێمانی وهەندرێن ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا پێشمەرگەی سلێمانی توانی بەئەنجامی دوو گۆڵی خاوێن لەلاوانی هەندرێن بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەو یانەیە دەست کەوت ،هەر لەدریژەی یارییەکانی خولی لاواندا لەیارییەکی دیکەدا تیپی لاوانی دهۆک میواندارى لەتیپی لاوانی زێرەڤانی کرد، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ بەکۆتایی هات و هەردوو تیپ بەخاڵێکی یارییەکە ڕازی بوون، پێشمەرگەی هەولێر دوور لەیاریگا وهاندەرانی خۆی بووە میوانی لاوانی خانەقین، پێشمەرگەی هەولێر یارییەکەی بەئەنجامی تاکە گۆڵێک بەخانەقین دۆڕا و 3خاڵی گرینگی کردە دیاری بۆ تیپی لاوانی خانەقین، لەیاریگای پیرمام، هەردوو تیپی لاوانی ئارارات و شێروانە بەیەکگەیشتن، شێروانە دوور لەیاریگای خۆی توانی بەئەنجامی 1-3گۆڵ لەئارارات بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی تیپی خاوەن یاریگا دەستەبەرکرد، بەمشێوەیە ئەم هەفتەیە گەڕی یازدەمینی خولی لاوانی کوردستان بەسەرکەوتوویی بەکۆتایی هات.

ڕێزبەندی خولی لاوانی نایابی کوردستان تاگەڕی یازدەهەم بەمشێوەیە دەبێت:

1- هەولێر 24خاڵ 2-نەورۆز 20خاڵ3-پێشمەرگەی سلێمانی 18خاڵ 4-سیروانی نوێ 18 خاڵ

باربارا، پاولۆ روسی تۆپی پێی ئافرەتانی ئیتاڵیایە



پاولۆ روسی ئەفسانەی تۆپی پێی ئیتالی سەرسامی خۆی بۆ باربارا بونانسیا دەربڕی کە ئێستا بە لێهاتوویی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە جامی جیهانی ئافرەتانی 2019 لە فەرەنسا دەردەوێت.

پاولۆ روسی لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی فرانس پرێس گوتی: باربارا، پاولۆ روسی تۆپی پێی ئافرەتانە، چونکە زۆر شتی خۆم لەو دەبینم، ئەو یاریزانێکی بەتواناو خێرایە لە گۆڵ تۆمارکردن و جولەکردنی لەناو یاریگادا.

جێی باسە باربارا بونانسیای تەمەن 28 ساڵ کە لە یانەی یۆڤینتۆس یاری دەکات، لە یەکەم یارییاندا ڕۆڵی کارای هەبوو لە بردنەوە بەسەر هەڵبژاردەی ئوستراليا کە دوو گۆڵی تۆمار کرد.

ریال مەدرید مێسییەکەی ژاپۆنی بردەوە

یانەی ریال مەدرید سەرکەوتوو بوو لە بردنەوەی تاکیفۆسا کویۆی ژاپۆنی کە بە مێسی ژاپۆنی ناوی دەبەن، کە پێشتر لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە گفتوگۆدابوو بۆ ئەوەی لە لا ماسیا یاری بکات.

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی ئاشکرای کرد کە ئەو یاریزانە ژاپۆنیە تەمەن 18ساڵە ڕازی ببوو لە وەرزیەکەم لەگەڵ تیپی دووەمی بەرشلۆنە یاری بکات، بەو مەرجەی بۆ وەرزی داهاتوو سەرکەوێت بۆ تیپی یەکەم، بەڵام بەرشلۆنە بەوپێیەی ئەزموونێکی تالی لەپێشووتر هەبووە سەباردت بەمجۆر ڕێکەوتنانە، بۆیە ڕازی نەبوون بەمەرجەکەی تاکیفوسا ، جگەلەوەش داوای یەک ملیۆن یورۆ مووچەی سالآنەی کردبوو کە تا ئێستا هیچ یاریزانێکی تیپی دووەمی بەرشلۆنە ئەو مووچەیەی بۆ نەپراوەتەوە.

ڕۆژنامەکە ئاشکای کردووە کە یانەی مێرینگی بەو داوایەی مێسی ژاپۆنی ڕازی بووە و ئامادەیە سالآنە ئەو پارەیە بدات کە دەکاتە 250 ملیۆن یورۆ بەهاکەی.

دوای سەرکەوتنی بەسەر یانەی هەولێر، شورتە لە یەکلایی کردنەوەی نازناوەکە نزیک دەبێتەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەگەڕی 31یەمینی خولی نایابی عێراق ئەم هەینی یە بەڕوای 14/6/2019 لەنێو یاریگای نێو دەوڵەتی شەعب ، یانەی شورتەی پێشەنگ میوانداری لە یانەی هەولێر کرد، یانەی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان ڕووبەرووی شورتە بووەوە، ئەزموونی ئەو ڕاهێنەرە ئاست بەرزە یانەی شورتەی پێشەنگی ناچار کرد زۆر بەزحمەت لەهەولێر بباتەوە، یارییەکە لەبەرژەوەندی یانەی شورتە بەدوو گۆڵ بەرانبەر بەگۆڵێک کۆتایی هات، گۆڵەگانی یانەی شورتە لەخولەکانی 34، 12لەلایەن یاریزانان عەلاءبدولزەهرە و موهەندعەلی کازم تۆمار کران، گۆڵەکەی یانەی هەولێر لەخولەکی 73دا لەلایەن یاریزان واسۆ ڕۆستەم تۆمار کرا، بەم ئەنجامە یانەی شورتە بەکۆکردنەوەی 76خاڵ هەر لەپێشەنگی یانەکان مایەوە، یانەی هەولێریش بەکۆکردنەوەی 39خاڵ لەپلەی دەیەمی ڕیزبەندی خولەکە جێگیر بووە،

هەر یەک لەیانەکانی قوەی جەوییەو کەرخ و زەورا لەپلەکانی دووەم وسێیەم وچوارەمی ڕیزبەندەکە دەبیندرێن، یانەکانی بەحری وئەلحوسێن لەدواوەی ڕیزبەندی خولەکەدان و لەخراپترین ئاستدان.

ئەنجامی یاریيەکانی دیکەیش بەمشێوەیە بوو:

ئەلحوسێن * 0نەجەف 0

حدود * 3سەماوە 0

نەفت میسان *2کەرخ 1

نەفتی باشوور *1نەفتی ناوەراست

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 16. Jun. 2019 No: (5768)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



شاعیری لاو توانا فازل یەکەم ئەلبومی خۆی بەناوی (لانی) بڵاوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

شاعیری لاو (توانا فازل) دوای ساڵانێک لەنوسین یەکەمین ئەلبومی شعری بەناوی (لانی) بڵاوکردەوە، کەپێکهاتووە لە (٢٠) تراک کە سەرجەم هۆنراوەکانی دڵدارین .شایەنی باسە ئەم ئەلبومە بەسەردەمی ترین کوالێتی لە (track stu-dio) لەلایەن ماموستا (یاسین ژاژڵەیی)ەوە کاری میکس و ماسترینگی بۆکراوە، هەروەها کاری فۆتۆو گرافیکی ئەلبومەکە (شازاد ئومێد) خاوەنی (GEM STUDIO) بەئەنجامی گەیاندووە، هەروەها (توانا فازل) باسی لەئەوە کرد ئەمە سەرەتای کارمە و ئومێد ئەکەم کارگەلێکی شایستە بە هەواداراني شعر پێشکەش بکەم و لەئێستاشدا ئەلبومی دووەمم لەژێر تێست دایە کە پێکهاتووە لە هۆنراوەی هەمەچەشن و بەشێکی باشی لایەنەکانی سۆز و ئەوینی تێدا جێ کراوەتەوە وەک هۆنراوە بۆ (دایک، نیشتمان، مناڵ و ..) هتد. تێبینی: (لانی) واتە هێلانەی بچوک.


دوو کچێن رزگاربووی دەستێ داعش سەر هاتیێن خۆ ب تابلۆیان نمایشکرن

خەبات-ئالان شهاب:

دو رزگاربوویێن دەستێ داعش سەرهاتیێن خۆ یێن ل گەل تیرۆرستێن داعش د تابلۆیێن هونەری دا و د پێشانگەهەکێ دا نمایشکرن.د ڕێورەسمەکی دا ل ژێرچاڤدێریا سەردار یەحیا عەبدولعەزیز، قایمقامێ قەزا شێخان بنگەحێ لالش/ تایێ شێخان ب هەڤکاری دگەل کارگێریا کەمپا ئێسیان پیشانگەهەکا شێوەکاری بۆ دو کچێن رزگاربوویێن دەستێ داعش هاتە ڤەکرن و وان هەردو کچان سەرهاتیێن خۆ یێن ل گەل تیرۆرستێن داعش د زێدەتری ٤٥ تابلۆیێن هونەری دا نمایشکرن.دیار ببێ، ڕێڤەبەرێ کەمپا ئێسیان یا ئاواران ب خەبات ڕاگەهاند : ئەڤ پیشانگەهە بناڤێ (دونیا و دەلال) ئەو هەردو کچێن ژ دەستێ داعش ل ١٥/١١/ ٢٠١٧ رزگاربووین، خێزانا وان ژ شەش و خوشک و هەشت برایان پێک دهات، هەتا نها پێنج خوشک و سێ برا ژ خێزانا وان رزگاربووینە، بەلێ سێ خوشک و برایەک چارەنڤیسێ وان یێ بەرزدیە .ناڤهاتی خویا ژی کر، هەر رزگاربوویەکێ دەستێ داعش سەرهاتیێن دژوار یێن هەین، وان هەردو کچان ژی ب وان سەرهاتیا پەرتووکەک چاپکریە یان ژی چیرۆکا خۆ کریە کورتە فلمەک، دیسا وان هەردو کچان ب رێکا فلچە و رەنگان چیرۆکێن خۆ ل سەر ٤٥ تابلۆیێن مەزن نەخشاندینە و ئێش و ئازارێن وان رۆژان نیشا داینە.ڕێڤەبەرێ کەمپا ئێسیان یا ئاواران ئاشکرا ژی کر، وان کچان ئەو تابلۆیە ب چەندین قوونا غا دروستکرینە، قوونا غا ئێکێ ژیانا خوە یا بەری شەڕێ داعش نیشا دایە، قوونا غا دوێ ژیانا خوە یا د دەستێ داعش دا و قوونا غا سێ ژیانا خوە یا پشتی رزگاربووین نیشا دایە و د قوونا غا چارێ ژی دا قوونا غا هیڤی و باوەریێ بەرەڤ ژیانەکا گەش نیشا دایە و گۆت: گەلەک ژ وان تابلۆیێن هاتینە نمایشکرن ب بهایەکێ گران هاتنە فرۆتن.







بەهەموو زاراوەکان گۆرانی گوتووە

وریشە عومەر

هونەرمەندی میوزیک ژەن نزار زێوێی بەخەباتی گوت: ڕەنگاڵەی میلۆدی بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند (کەنار تەها) یە بەهاوکاری گروپی موزیکی لوڕ ،بەرهەم هاتوە ئەم بەرهەمە لە(5) گۆرانی پێک دێیت.گۆرانیەکان لەزاراوە جیاوازەکانی کوردستانە لە کرماشان تا بادینانە. کاری موزیکی لەلایەن نزار زێوێی ئەنجام دراوە،لەستۆدیۆی گروپی موزیکی لوڕ تۆمار کراوە کاری وێنەگرتن و کلیپ کردنی بەسوپاسەوە کەنالی خاک گرتویەتیە ئەستۆ ،کاری ژەنینی موزیکەکان لەلایەن ئەندامانی گروپی موزیکی لوڕەوە ئەنجام دراوە ، لە جەژنی ڕەمەزاندا وەک جەژنانەیەک پێشکەشی گوێگرانی هونەری کوردیکرد.لای خۆشیەوە کەنار تەها بەخەباتی گوت:خۆشحاڵم توانیم بۆئەم جەژنە دڵی هەواداراني گۆرانی کوردی خۆش بکەم و بەرهەمم هەبێت بۆیان ،ئومێد دەکەم لەداهاتوو بتوانم خزمەتی زیاتری هونەری کوردی بکەم.

کاریگەریی زۆر خواردنی خوێ و تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە




لە ماڵپەری لایڤ ساینس بابەتێک بە ناونیشانی " کاریگەری زۆر خواردنی خوێ و تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە، بڵاو کراوەتەوە کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە. ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە کە زۆر خواردنی خوێ جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێنی بەرز و نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان ، دەتوانێت مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە زیاتر بکات. بەووتەی توێژەران خواردنی ڕێژەیەکی زۆر خوێ دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بەکتریایی " هلیکۆباکتریپیلۆری" لە نێو گەدەدا ، کە تێیدا خانەی زۆر تووشی هەوکردن دەبنەوە و زۆربوونی ئەو هەوکردنە دەبێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە .بە ووتەی توێژەران، " هلیکۆبەکتریاپیلۆری " جۆرێک بەکتریایی ناسراوە وردە کە مرۆڤەکان تووشی هەوکردن دەکاتەوە .نیوەی زۆرەی خەڵکی دونیا ئاڵودەی ئەو جۆرە بەکتریایەن .ئەو بەکتریایە هۆکاری سەرەکییە بۆ تووشبوون بە بریەنی نێو گەدە و ئێش وئازاری کۆئەندامی هەرسکردن.ڕێکخراویی تەندروستی جیهان لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە کە ڕۆژانە نابێت لە 5گرام خوێن کە یەکسانە بە کەوچێکی چای خوێ بەکاربهێنرێت . بە ووتەی توێژەران، کەمکردنەوەی خواردنی خوێ ڕێگە لە فشارخوێنی بەرز و هەروەها مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە کەم دەکاتەوە ..

ئەزانی کاندی کراش چیت پێ دەڵێت؟

یاری Candy Crush یاریەکی بەناوبانگی جیهانییە کە تەواوی ئەکەیت لە کۆتاییدا بە زمانی ئینگلیزی ئەنووسرێت: بەخۆڕایی کاتی خۆت لەگەڵ ئێمە بە فیڕۆدا !

ئەندازیار کێوان حسەن





باکووری کوردستان.. وەرزی کۆچکردنی ماسی دەستپێکرد